PDF4Kurd

٢

ئـــایا

قورئان وتەی خوایە...؟

د.زاكیر نایك



کتێبخانەی جودی

وەرگێڕانی : ئەبوبەکر ئەحمەد

چاپی یەکەم
٢٠١٦

ئــایــە

قــورئــان وتــەی

خوایە ؟

سەلماندنێکی زانستی و لۆژیکی یە

کە قورئان وتەی خوایە

نوسینی / دکتۆر زاکیر نایك

وەرگێرانی / ئەبوبەکر ئەحمەد

پیشکەشه

- دایك و باوکی خۆشەویستم

- بەتۆی خوێنیەری ئازی

سوپاس نامه

له دوای سوپاس و ستایش و شوکر بۆ خوای گه وره یارمه تی دام له وه رگیڕانی ئه م کتێبه.... هه روه ها سوپاسی خۆم ئاڕاسته ی به ڕێزان مامۆستا نه به ز و دکتۆر علی ده که م که مامۆستای زانکۆن له زانکۆی سه لاحه دین یارمه تیان داوم له کاتی پێویستیدا هه ر وه ها هاوڕێی ئازیزم کاکه هێما..... دەستی خۆشی بێوێنەشم هەیە بۆکاك موسای کتێبخانەی جودی لەهاوکاری و ڕێنوێنی پێداچونەوە و هەڵەگیری و سەرپەرشتی چاپکردنی ئەوکتێبە خنجیلانەیە......

بسم الله الرحمن الرحيم

هه مو مافێکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆکتێبخانەی

جودی لەقەلادزێ ــ(٢٤)

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: ئایا قورئان وتەی خوایه

نوسینی / دکتۆر زاکیر نایك

وەرگێرانی / ئەبوبەکر ئەحمەد

تایپ و نەخشاندنی بەرگ/ شێرزاد ئەڵماس

دیزاینی ناوەوە / موسامحمد

نرخ (٤٠٠٠) دینار

تیراژ ١٥٠٠ دانه

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (١٣٢٣)

ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

نایك لەچەند دێڕێكدا

دکتۆر زاکیر عبدولکریم نایك لە ١٨ئۆکۆبەری ١٩٦٥ لە مۆمبای هیندستان لە دایك بووە، خێزانەکەی ناوی "فەرهات"ە و خاوەنی دوو منداڵە بە ناوی "فەریق و ڕوشدە "هەر لەشاری مۆمبای خوێندنی تەواوکردومو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە ، لەساڵی ١٩٩١ دەستی بە بانگخوازی"دعوە" کردومە ، بۆئەم مەبەستەش سەردانی چەندان وڵاتی کردوو"ئەمریکا ، سعودیە،هۆنکۆنك،کوێت، سەنگافورە، ئوستوڕالیا،باشوری ئەفریقا، بەحرەین ، قەتەر، ئەمەریکای باشور، تایلاند،کەنەدا...هتد،بەسەر کەوتوییی بەشداری لەچەندان کۆڕو دیالۆگ کردووە ،باوتریشیان بریتی بوو لەودیالۆگەی کە لەگەڵ دکتۆر ولیام کامبێل کردی لە شیکاگۆی ئەمریکا لە ١نیسانی ٢٠٠٠.

نایك لە چەندان تەلەفزیۆن و کاناڵی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت و بانگهێشت دەکرێت بۆ چاوپێکەوتن،چەندان کتێبی داناوە بەناوی " ئایە قورئان وتەی خوایە ، قورئان و زانستی هاو چەرخ ...."

پێشەكی

ئیسلام ئەو خۆرەیە كە ڕۆژ ڕوناك دەكاتەوە ، ئەو مانگەیە كەڕوناكایی بەتاریكەشە و دەبەخشێت،پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆژیاش نابێتە هۆی كەمبوونەوە و لاوازبونی ئەم خۆرە،ئا ئەوەتا هەر زانستە بونی ئەم خۆرە ئەسەلمێنێت ،هەر پێشكەوتی تەكنەلۆژیایە دەقەكانی پەڕاوی پیرۆز پشت ڕاست دەكاتەوە و بونیان ئیسپات دەكات.

ئەم كتێبەی كەلەبەر دەستی تۆدایە،بەشێوەیەكی زانستی و لۆژیكی بون و سەرچاوەی قورئان ڕوندەكاتەوە و ئەی سەلمێنێت كە قورئان پەراوێكی ئیلاهیەو ئاسمانیە ،بەشێوەیەك كە لەگەڵ تاخت دەدوێت ، دەستت دەگرێت و پێت دەڵێت ئەمەیە سەرچاوەی قورئان ،دەتباتە ناو جیهانی بیركردنەوە و پێت دەڵێت كە سەرچاوەی قورئان مرۆڤ نیە ، سەرچاوە ئاسمانیەكانی تر نین.

دکتۆر زاکیر نایک کە نوسەری ئەم کتێبەیە ، هەر لەسەرەتای ئەم کتێبە کەمەندێشت دەکات بەرمو کەسێك کە داوەی پێغەمبەرایەتی دەکات و دەڵێت من پەیامبەرم ، ئەمەش بریتیە لە سەرچاوەکەم ئەیسەلمێنێت کە پێغەمبەر بۆهیچ مەبەستێکی دنیایی ئەم داوایەی نەکردوە بەردەوامیش ئەبێت کە سەرچاوەی پەیامەکەی تەنها خوای گەورە و میهرەبانە ، دواتر پێدەخاتە سەربونی خواو ، قسە لەگەڵ بونی ئەویش دەکات ،لێدوانی خۆی لەسەر چەمکی بونی ئەو دەدات.

منیش بەپێویستم زانی بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە وەریگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی، مەڵۆیەك بخەمە سەرخەرمانی کتێبخانەی کوردی .

"وەرگێڕ" ئەبوبەکر ئەحمەد

قەڵادزێ... ٢٠١٦/٢/١٥

پێشه کی نوسەر

ئیسلام ناوی ئەو ئاینیه بێهاوتایه نیه ، کەبۆیەکەمین جار لەلایەن پێغەمبەر"*صلی الله علیه وسلم*"، بناغەی دانراوه و بەدامەزرێنەری دادەنرێت . قورئان ئەمەدەردەخات ، هەر لەسەرەتاوه خوای گه وره پەیامی ناردووه بۆ هەریەکه له("*نوح ، سلێمان ، داود، ابراهیم،موسا، اسحاق،عیسا ..هیتد*")"سه لامی خوایان له سه ر بێت" ، هەریەك لەم پێغەمبەرانه لەکات و ساتی جیاوازدا هاتوون ، هەرهەموویان بانگەشه یان بۆیەك بیروباوەڕکردومو یەك پەیامیان گەیاندوه ئەویش بریتیه له("*یه کتاپەرستی*") .

ئەم پێغەمبەرانه دامەزرێنەری ئاینه جیاوەزەکانیان نین ،بۆئەوەی بەناوی ئەوانەوه ناوبنرێت .ئه وان تەنها بیروباوەڕی پێغەمبەرەکانی پێش خۆیان زیندوو کردۆتەوه .

هەرچۆنێك بێت ، پێغەمبەر"*محمد*" *صلی الله علیه وسلم*" بوو به دواین نێردراوی خوا، بیرو باوەڕی پێغەمبەرەکانی پێشخۆی

زینـدوو کـردەوە ،کەئەم بنەمـایە تـاڕادە یە ك دامرکـابویەوە وە دەستکاری کرابوو لە کات و قۆناغە جیاوەزەکاندا ، بۆیە خوای گەورە بەهۆی پێغەمبەرەوە ، ئاینێکی پاکی بۆ سە ر بەشـەریەت ڕەوانە کـرد ، وەکـو دوایـن پە یـامبەر لە سە ر زەوی ، خـوای گە ورە کتێبێکـی بۆنـازڵکرد بە نـاوی "قورئـان". کە ئەبێـت بە سەرچاوەی ڕێنمای بۆسەرجەم کاتەکان ،لە مـوعجیزەی پێغەمبەر ئەوە یە کە قوریـــان بـــۆ هەمـــوو کاتەکـــانە ، هەمـــوو پێغەمبەرەکانی تر تەنها بۆ خەڵکی خۆیان یان نەتەوەی خۆیان نێـردراون ،وە پەیامەکە یان بۆ کاتێکی تایبە ت بووە . وە ئە و مـوعجیزانە ی کە خـواپێی داوون تەنهـا لە کـات وسـە ر دەمـی خۆیان بەکارهاتوون ، وە کو :-

زینـدوو کـردنە وە ی مـردوو لە لایەن ؛ *("پـێغەمەبەر عیـسا")*- *("* علیە السلام ")

یـان ؛ شـەق کردنـی دەریـا لەلایەن *("پێغەمەبەر موسا")*- ("علیە السلام")

پـێغەمەبەر محمـد دواهە مـین و کۆتـاهەمین نێردراوی خوایە وە ئە و پە یامە ی کەبۆی هاتوە بۆسە ر جەم مرۆڤە ، بۆهە تاهەتایە . خـوا لە قورئانـدا دە فە ر موێت : "وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ". "الانبياء-١٠٧"

("ئەی محمد" *صلى الله عليه وسلم*") ئێمەتۆمان ڕەوانەنەکردووەتەنها بۆ ئەوەنەبێت کەببیتەڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەک و پەری و... هتد")

بۆیە ئەم موعجیزەیە کە بۆ دواین پەیامبەر دابەزیوە بۆ هەمیشەی و سەرجەم قۆناغەکانە . وە پێغەمبەریش هەروەك پەیامبەرەکانی تر خاوەنی چەندان موعجیزە بوە کە لە "*حە دیث*" دا ئاماژە یان پێکراوە ، ئێمەوەك و موسوڵمان باوەڕمان بەم موعجیزانە هەیە ، وە شانازیش بە گەورەترین موعجیزە دەکەین کەلەلایەن خوای گەورە وە بۆی هاتوە و بریتیە لە قورئان

کەبە موعجیزە سەلمێنراوە " ١٤٠٠" ساڵ لەمەوبەر ، وە ئە مرۆش ئەتوانرێت بسەلمێنرێت ، بۆهە تاهەتایە . بە کورتی ، قورئان ؛ بریتیە لە" موعجیزەی موعجیزە کان".

زۆرکەس بەهەڵە تێگەیشتوون کەپێغەمەبەر بە دامە زرێنە ر ی ئاینی ئیسلام دادە نرێت. هەرچەندە ، ئیسلام بونی هە بووە هەرلەیەکەم مرۆڤەوە "ئادەم" کەپێی خستوە تە سەر زەوی ، پاشان خوای گە ورە چەندا ن پێغەمبە ر و پە یامی تری ناردوون ، وە دواهەمین ئاڵقەی ئە م زنجیرە یە بریتی بوو لە پێغەمبە ر"محمد "-" *صلى الله عليه وسلم*" و قورئانی پیرۆز.

"د.زاکیر"

بەشی یەكەم

پێغەمبەر "صلى الله علیه وسلم" دانەری قورئان نیە .

تاكەشتێك كەهەموو ئەوانەی شارەزاییان لەبارەی قورئان هەیە بە ئێمان دارو بێئمان، یە كدەنگن لەسەر ئەوەی كەقورئان بۆیەكەمین جار لەلایەن پیاوێك خوێندراوەتە وە لەسەدەی ١٦زاینی ،كەلە نیمچەدورگەی عەرەبی "مەككە" لە دایك بووە ناوی "محمد" بووە .

١- ناموسوڵمانەكان سێ بیروبۆچوون "خەملاندن"یان هەیە بۆ بنەڕەت و سەرچاوەی قورئان .

١- پێغەمبەر "صلى الله علیه وسلم" خۆی دانەر و نوسەری قورئان بووە .

٢- پێغەمبەر "صلى الله علیه وسلم" لە سەرچاوەكانی تر فێربووە ، پەڕاو و سەرچاوە ئاسمانیە كانی تر .

٣- هیچ مرۆڤێك دانەری قورئان نییە ، بەڵكو وشە بە وشە دابەزیوە لەلایەن خواوە .

ب- هەرگیز پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " بانگەشەی دانەرایەتی قورئانی نە کردووە.

ئەوانەی کە گومانیان هەیە سەبارەت بەبنچینەی قورئان ، وە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەپێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " نوسەری قورئان بووە . ئەوا هەرگیز پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " ئەرکی بەرپرسیاریەتی بنچینەی قورئانی نەخستۆتە ئەستۆی خۆی ، بەڕاشکاوی و ڕاستگۆیی وتەیەتی: ئەوە خوایە کە ئەم پەڕاوەی بۆدابەزاندووم .ئەگەر بە پێچوانەش بیربکەیتە وە ئەوا شتێکی نالۆژیکیە ، چونکە واتاکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسێکی درۆزنە . لەمێژودا ، ئێمە ئەوە فێربووین کە لەمنداڵیە وە هەتا تەمەنی چل ساڵی کەپەیامی پێغەمبەرایەتی بۆهاتوە یەك درۆی نەکردوە ، واتە هەرگیز بە کەسێکی درۆزن نەناسراوە .

بەپێچەوانەوە بەکەسێکی ؛ ڕاستگۆ ، بە وەفا ، بێگەرد ناسراوە ،لەلایەن دۆست و نەیارەکانیەوە نازناوی *"الامین"* ی پێبەخشراوە .

هەروەها جێگەی ئاماژە پێدانە : کەزۆرێک لەکافرەکانی مەککە ئاینی ئیسلامیان ڕەتکردوەو و پێیان وابوو کە پێغەمبەر *"صلی الله علیه وسلم"* درۆزنە . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا متمانەیان پێ هەبوو ، وە شتە بەنرخەکانی خۆیان لەلای ئەوداُدەنا بەمەبەستی پاراستن .

وێنەی ئەم ڕاستەش ئەوەیە ،کاتێک پێغەمبەر *"صلی الله علیه وسلم"* بڕیاریدا مەککە بە جێبهێڵێت ،حەزرەتی علی لەجێگای خۆی دانا بۆگەڕاندنەوەی سەرجەم ئەمانەتەکان بۆ خاوەنەکانیان کەلەلای پێغەمبەریان *"صلی الله علیه وسلم"* دانابوو .

جارێکیان کاتێک ابوسوفیان "یەکێک لە سەرۆکەکانی بت پەرستانی مەکە "سەردانی ئیمپڕاتۆریەتی "هرقل" ی کرد ، بۆئەوە ی داوەی پشگیری لێبکات دژی پێغەمبەر *"صلی الله علیه وسلم"* .

هرقل پرسیاری له ابوسفیان کرد ، ئایه بەرلەوەی پێغەمبەر "*صلی الله علیه وسلم*" بانگەشەی پێغەمبەرایتی بکات هیچ درۆی کردووه ؟ یاخود ، ئایه خیانەتی له متمانه کردووه ؟ لەوە لآمدا ابوسوفیان وتی : نەخێر . تەنانەت ناحەزەکانیشی دانیان ناوه به "*دڵسۆزی ڕستێتی و ڕاسگۆیی*" ج هۆکارێکی لۆژیکی مرۆڤ ئەتوانێت بیزی لێبکاتەوه ، سەبارەت به پێغەمبەر "*صلی الله علیه وسلم*" کەکە سێلکی درۆزن بێت ، لەکاتێکدا دەردە کەوێت کە ئەو پێغەمبەری خوایه نەك دانەری قورئان .

بەشی دووەم

وەڵامێك بۆسەرجەم ئەو كەسانەی كە ئەوترێت پێغەمبەر *"صلی الله علیه وسلم"* بانگەشەی پێغەمبەرایەتی كردووە بۆ یەكێك لەم مەبەستانە.

١- بەمە بەستی بەدەست هێنانی مادده ***"ماڵی دنیا"***.

٢- بەمە بستی بەدەست هێنانی "پایە،هێز،شكۆوسەركردایەتی".

٣- بەمە بەستی یەكریزی و ئازادكردنی عەرەبەكان.

٤- بەمە بەستی چاكسازی ڕەوشت.

١- بە مە بەستی بەدەست هێنانی مادده

هەندێك كەس مشت و مڕ لەسەر ئەوە دەكەن كە پێغەمبەر *" صلی الله علیه وسلم "* بەدرۆ قورئانی داوە تەپاڵ خوا، خۆشی بە پێغەمبەر بانگ كردووە بۆ بەدەست هێنانی مادده *"ماڵی دنیا"*.

منیش هەمان بیروبۆچونم هەیە كەزۆرێك لەخەڵك بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان كردووە " *ڕێنمای كەر و قە*

شەکان " بەمە بەستی قازانجی ماددی *"ماڵی دنیا"* ،بەم شێوەیە دەوڵەمەند بوون و ژیانێکی خۆشیان بەسەر بردووە .

بەڵام باری دارای پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " پێش بڵاوکردنەوەی پەیامی پێغمبەرایەتی باشتر بوو لە دوای بوون بە پێغەمبەر . لە تەمەنی *"٢٥"* ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ *"خەدیـجە"* پێکهێنا. کە ئافرەتێکی سامان‌دار و دەوڵەمەندبوو .

ا- یەکێك لەخێزانەکانی پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " — " **عائشە**"-" *ڕەزای خوای لەسەربێت*"، دەگێڕێتەوە مانگێك یا دوو مانگ لەماڵی پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " تێپەڕیووە بەبێ ئەوەی ئاگر لەماڵی بکرێتەوە ، لەبەرئەوەی هیچ شتێك نەبووە بۆ ئامادەکردن (لێنان)،ژیانیان بە ئاو خورما بە سەربردووە ، وە هەندێ جاریش ئەم خواردنە پاشکۆی شیری بزنەکانی خەڵکی مەدینە بووە "الرياض الصالحين"٤٩٢"

ب - هاوڵەکانی پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " ابوزەر و ابوهورەیرە "ڕەزای خوایان لەسەربێت" دەگێڕنەوە کە پێغە

مبەر" صلى الله عليه وسلم" هەرگیز دیاری ڕەتنەکردۆتەوە ، وە هەرچیەکی هە بووە بەخشیویەتی بە هەژارو نەدار. "الرياض الصالحين"٤٦٥-٤٦٦"

ج - ئەمە قوربانیە کی کاتی نیە ، بەڵام ڕێگای ژیانە ، ئەگەر پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم" لەوساتەدا ویستبای وەك پاشا بژی ئەوا ئەیتوانی . وە نزیکەناکی جۆرێك لەنارەزای و نیگەرانیان هەبوو کە بۆچی لەژیانێکی ئاوادا دەژین لەکاتێکدا ئەی توانی لە ژیانێکی پرخۆشیدا بژی ، وە پێغەمبەریش" صلى الله عليه وسلم" هەستی بە بێزاری کرد ، پاشان نیگا دابەزی .

"يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا" ٢٨"وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا " ٢٩"الاحزاب"

(("ئەی پێغەمبەر بەهاوسەرانت بڵێ: ئەگەر ئێوەتەنها ژیانی دونیا و ڕازاوەیەکەیتان دەوێت، وەرن با هەندێك شتومەك و پارەو سامانتان پێ ببەخشم، لەوەودواش بەجوانترین شێوە دەست بەردارتان ببم "٢٨"خۆ ئەگەر ئێوە خوا و پێغەمبەرەکەی و

پاداشتی ڕۆژی قیامەتان دەوێت، ئەوە دڵنیا بن کە خوا بۆ چاکەکارانتان پاداشتی زۆر گەورە و بێ ئەندازەی ئامادەکردووە (پێغەمبەر هەموو هاوسەرانی یەك یەك تاقی کردوە هەموانیان خواو پێغەمبەرو پاداشتی قیامەتیان هەڵبژارد"٢٩")).

د - سەرەڕای دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* "*لەکاتی مردنیدا* قەرزدار بوو، قەڵغانەکەی لە دەستی یەکێك لە جولەکەکانی مەدینە دابوو لە جیاتی قەرزەکەی "الرياض الصالحين"٥٠٤"

هـ- لەڕاستیدا ئەگەر پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " دانەری قورئان بوایە ، درۆی کردبا بە مەبەستی بەدەست هێنانی ماڵی دنیا ، بڵێ ئەمەکتێبی خوایە ، هەرگیز لەهەمان کتێبدا ئامەژەی بە ،

"فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ "البقرة :"٧٩"

(("سا واوەیلا بۆ ئەو کەسانەی کتێب دەنووسن بەدەستی خۆیان و پاشان دەڵێن: ئا ئەمەلەلایەن خواوەیە، تا کەمێك لەماڵی دنیا بەدەست بهێنن، جا وەیل بۆ ئەو دەست و "قەڵەمانەی"کەشتی وا دەنووسن و وەیل بۆ ئەو کەسانەی کەکەسابەتی ئاوا ئەنجام دەدەن")).

ئەم ئایەتە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کەپەڕاوە ئاسمانیەکانی پێشتریان گۆڕیوە ، بەمێشکی خۆیان کتێبیان داناوە و وتویانە" *ئەمە لەلایەن خواوەیە*" بۆ مەبەست و قازانجی خۆیان .

ئەگەر پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" خۆی قورئانی نوسیبێت ، چەندان هەڵ هە بوون ، لەکات و ساتەکاندا، بۆ ئەوەی ئاشکرابێت کە ئەو گەورەترین دووڕوویە "*خوانەکا*" کە ئەمە شتێکی نا لۆژیکیە . بە واتای ئەوەی" *ئەگەر پێغەمبەر قورئانی دانابێت هەر لە ناو قورئانەکەدا باس لەکەسانێك ناکات کە کتێب دەنوسن و دەڵێن ئەمە هی خوایە*"

٢- بەمە بەستی بەدەست هێنانی "پایە ،هێز ،شکۆ وڕابەری" .

ئــایە دەكــرێ پێغەمــبەر" صلى الله علـيه وسـلم" بانگەشــەی پێغەمبەرایەتی كردبێت بۆبەدەست هێنانی" پایە ،هێز،شكۆو ڕابەری؟"

ا- لەجیهانــدا دانپیــانراوە كە پێغەمــبەر" صلى الله علـيه وسـلم" یەكێكە لەسەركردە سەركەوتووەكان لەمێژودا، زانای مەسیحی "مایكڵ هارت " لیستێكی دانـاوە ، لەم لیستەدا نـاوی "١٠٠" پیـاوی كـاریگەر و سـەركەووتی مێـژوی تۆمـاركردوە ، لە ئـادەمەوە تــاوەكو ئەمــڕۆ، لەكتێبەكایــدا بە نــاوی " ١٠٠ لە كاریگەرترین كاسەكانی مێژوو" .ئەم زانـا مەسـیحیە بێلایەنـانە نـاوی پێغەمـبەری خستوەتە یەكەم نـاو لە لیـستەكەدا ، " ئەمە تـێكەڵە یە كـی ئـاینی و عەلمـانیە كە پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم" بە كـاری گەرترین مرۆڤ دادەنرێت لە مێژودا.

ب- مرۆڤێـك ئەگەر خـاوەنی ئەم ڕەوشـتانە بێـت ،ئەی تـوانی داوای ڕابەری و هێزبكـــات ، بە بـــێ بانگەشـــەكردنی پەیـــامی

پێغەمبەرایەتی ، ڕەوشتی ئەوە نیشان دەدات كە نەبەدوای شكۆ نە بەدوای هێـزدا گەڕاوە .هیـوا خواسـتن بـۆ پـایە و هێـز لەگەڵ خـواردنی بـاش، جلـوبەرگی جـوان ، شـوێنی گەورە ، كۆشـكی مەزن و پاسەوانی جۆراوجۆر وابەستە دەكرێت .

سـەرەڕای ئەو ئەركە قورسـەی كەلەسـەر شـانی بـووە وەك كەسـێكی سیاسـت مەدار وە ئەو بونەكـۆمەلایەتیەی كەهەی بـووە ، پێغەمـبەر" *صلى الله عليه وسلم*" شـیری دۆشـیوە ، جـل و پێلاوەكانی چاك كردونە وە و كاری ماڵەوەی كردووە.

ژیانی نمونەیەكی سەرنج ڕاكێشە لە سادەیی و بێفیزیـدا ،لە سەر زەوی خەوتـوە ، بە بێ بـونی هـیچ پاسـەوانێك ڕۆیـشتووە بـۆ بـازاڕ ،دەعــــوەتی هەژارانـــــی ڕەتنەكــــــردۆتەوە و وە هەرشـــــتێكیش ئامەدەكرابێ خواردویەتی .

ج- لەسەر خۆقسەی كردووە و گووێی گرتوە لە ئەوانەی كەلە دەوریەری بوون ، قورئان دە فەرموێت :-

"وَمِنْهُمُ الَّذِينَ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ ۚ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ ۚ وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ"-"التوبة"٦١"

(("هەندێکی تر "لەدوورووەکان" ئەوەندەنەفامن، ئازاری دڵی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەدەن، بەوەی کەدەڵێن: **"محمد"** گوێ بۆ هەموو کەس دەگرێت، پێیان بڵێ: گوێ بیستی خێرەبۆتان، باوەڕی پتەوی بەخوا هەیە، باوەڕی "بەڕاستگۆی" ئیماندارانیش هەیە، ڕەحمەتیشەبۆ ئەوانەتان کەباوەڕیان هێناوە، "بەڵام" ئەوانەی ئازاری پێغەمبەری خوا دەدەن سزایەکی بەئێش بۆیان ئامادەیە")).

د- جارێکیان یەکێك لە نوێنەری بت پەرستەکان بەناوی " عتبە " هاتە لای پێغەمبەر و وتی ئەگەر وازلەم پەیامە بهێنیت ، ئەوا دەتکەین بە دەوڵەمەندترین پیاو لە کۆمەڵگادا ، بەرابەری خۆمان لەگەڵ هێزێکی تەواو تەنانەت تاجت لەسەر ئەنێین وەك پاشایەك ئەگەر خۆی ویستبای ئەی توانی بیێت بەڵام تاکە شتێك کەلێیان ئەویست ئەوە بوو کەواز لەم پەیامە بهێنێت"

هیچ خوایەك نیە جگە لە خوای هەموو جیهان ،خوای سەرجەم مرۆڤ".

ئەگەر پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم" بەدوای سامان ، شکۆ و هێزدا گەڕابا ، ئەوا هەرگیز ئەو هەلە زێڕینەی لەدەست نەدەدا. لەگەڵ ئەواشدا ، داواکاریەکانی ئەوانی ڕەتکردەوە .

ﻫ- جارێکی تر هەوڵیاندا،لەڕێگەی مامیەوە کە خۆشەویستی پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم" بوو قایلی بکەن کەواز لەپەیامی پێغەمبەرایەتی بهێنێت و جیهانی هێز و پایە قبوڵ بکا ، بەڵام لە وەڵامدا وتی :-

"ئەی مامە ، ئەگەر ئەوان خۆر لەسە ر شانی ڕستم و مانگ لە سە ر شانی چەپم دانێن بۆ ئە وەی واز لەم پەیامە بهێنم ئەوا هەرگیز وازی لێناهێنم ،هە تا لە پێناو بەرگری ئەم ئەمانەتە دا دەمرم ،یان خوا بڕیار ئە دات و ئە و دەیەوێت"

و- مردنی کوڕە خۆشەویستەکەی پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم " -" **ابراهیم**" هاوتا بوو لە گەڵ گیرانی خۆر ، خەڵك پێیان وابوو کە ئەمە موعجیزەی خوایە ، ئاسمان و زەوی بۆمردنەکەی ابراهیم دەناڵێنن ، وە پێغەمبەریش زۆر تووڕە بوو لێیان

"صحیح البخاری"١٥٢"

ئایە :- ئەمانە سیفەتی مرۆڤی خۆپەسندن یان کەسێکی هێز ویست ،ج شتێك پاساو بۆ ژیانێکی پڕ قوربانی و ئازاربەخش دەهێنێتەوە ، تەنانەت لەکاتێکدا دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بەسەر نەیارەکانیدا،ج شتێك سادەی و شکۆداری ئەوڕون دەکاتەوە ،کە نیشانی داوە لەکات و ساتە خۆشەکانیدا، وە سوریش بووە لەسەر ئەوەی کەئەم سەرکەوتنە لە لایەن خواوەیە نەك بەهۆی بلیمەتی خۆی.

٣- بەمەبەستی یەکڕیزی و ئازادکردنی عەرەبەکان .

ئە و تیۆرە ی کە دەڵێت پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " قورئانی داناوە بە مە بە ستی یەکڕیزی و ئازادکردنی عەرەبە کان ، زۆر قورسە بۆبەرگری کردن لەلایەن پە یڕەوانی ئەم بیردۆزە .

ا- هیچ ئایەتێك لەقورئاندا نیە کەباس لە یەکڕیزی و ئازادکردنی نەتەوەی عەرەب بکات ، لە ڕاستیدا چەمکی قورئان بریتیە لە "الامة" .

قورئـان داوای یەکرێـزی بۆهەمـوو مـرۆڤ دەکـات لە سـەر بنەمـای "ڕاستی"

"يا أيُّها النَّاسُ إنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ"-"الحجرات :١٣"

("ئـەی خـەڵکینـەبێگومـان ئێمـەهـەمووتانمـان لـەنێرو مێیـەك دروستـکردووە"کـەباوکـەئـادەم و دایکـەحـەوایـە" و کردوومـانن بەچەندەها گەل و تیرەو هۆزی جۆریەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە... بەڕاستی بەرێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایەبەهەمووان") .

لەلای خوای گەورە بنەمای داد پەروەری بۆ یەکرێزی بریتی نیە لە "تیرە ، ڕەنگ ، ڕەگەز ، سامان ، نەتە وە یپە یوەندی سیاسی وخوێنی " تەنها بریتیە لە "تە قـوا" - "ڕاستی ودروستی ، خواناسی و بیروباوەڕ"

ب- ئەمەش بە واتـای ئەوەی کە کوڕ لەباوك جیادەکاتە وە ، باوك لە کوڕ ، مێرد لە هاوسەر ، و هاوسەر لە مێرد... هتد .

"قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ" - "التوبة :٢٤"

(("ئەی محمد "صلى الله عليه وسلم" پێیان بڵێ: ئەگەر باوو باپیرانتان و براكانتان و هاوسەرانتان و عەشرەت و هۆزتان و ماڵ و سامانێك كەبەدەستتان هێناوە، یاخود بازرگانیەك دەترسن كەشكان و بێ بازاڕی ڕووی تێبكات و خانوویەرەو كۆشك و تەلارێك كەحەز دەكەن لێتان تێك نەچێت و دڵخۆشن پێی، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لەخواو پێغەمبەرەكەی و جیهادو تێكۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دەئەوەچاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورەدێت بەفەرمانەكانیەوەو "تۆڵەتان لێ دەسێنێت"، خوای پەروەردگاریش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی یاخی و لەسنوور دەرچوو نادات."))

ج- ئەو یەكریزیەی كە باڵی كێشا بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبی لەدوای سەركەوتنی ئیسلام هێزی بوو ، مەبەست لێی

هەموو جیهان بوو ، ئەم یەکرێزیەش بەهۆی هاندانی قورئان بوو ، بۆنمونه خوای گەوره داوا دەکات :-

"وَٱعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ۚ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ "- "آل‌عمران : ١٠٣"

(("هەوڵ بدەن" هەر هەموتان بەتوندی دەست بگرن بەئاینی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوەلەسەرتان، "چونکە" کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون، ئەوەبوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی "ئیسلامەوە"پەیوەست کرد بەیەکەوەو هەموو بوونەبرای یەکتر "هەروەها ئەو کاتە ئێوەلەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستا بوون و "خەریك بوو بکەونەناوی"، بەڵام خوا "بەرەحم و میهرەبانی خۆی" لەو ئاگرەرزگاری کردن، ئاوەو شێوەیەخوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ روون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هیدایەت وەربگرن")

د- ئـایە یەكرپـزی عەرەبەكـان بە هـۆی تێرامـانی سـەرەكی پێغەمـبەر" *صلی الله علیه وسلم*" بـووە ؟ ئەی تـوانی بەخۆشـی پێـشنیاری بـوون بە پاشـا قبوڵبكـات ، پاشـان هێـزی خـۆی بەكاربهێنێـت بـۆ بنیـات نـانی نـیمچە دورگە یەكـی عەرەبـی یەكگرتوو .

ه- لە قورئانـــدا چەنـــدین ئـــایەت هەن كە پـــێچەوانەی ئەو بیرۆكەیەن كە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* " هەوڵیدابێت بۆ بنیات نانی نە تەوەی عەرەب ،خـوا لە قورئـانی پیـرۆزدا دەفەرموێـت -:

"وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَىٰ نِسَاءِ الْعَالَمِينَ" آل‌عمران :٤٢"

("هەروەها یادیان بهێنەكاتێك جبرئیلی فریشتەوتی: ئـەی مەریـەم بەڕاستی خوا تۆی هەڵبژاردومو خاوێن و پاكیزەی كردویت، هەڵی بژاردویت و ڕێزی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا.")

بـۆچی محمـد ، عەرەبێـك ، بـاس لەمەریەم بكـات دایكـی عیسا ،كە بەنواسـڕائل بـووە " كە هەڵبـژێـردراوە لە سـەروی ئافرەتـانی

هەمــوو نەتەوەکـــان " کە شــەرەفێکی ئـــاوا لە ئینجیلیـــشدا نـــادۆزرێتە وە .لە کاتێکـــدا ، لە قورئانـــدا ســـورەتێکی تە واو بەناوی *"مریەم"* هەیە ، دایکی پێغەمبەر عیسا.

هــیچ کتێــب و ســورەتێك نــیە لە ئینجیلــدا بە نــاوی *"مــریەم"* کەواتە ، بــۆچی پێغەمــبەر هــانی عەرەبەکـــان دەدات تـــاوەکو سوپاســـی عیـــسا بـــکەن لە کاتێکـــدا ئەمە دژی عەرەبەکـــانە ســـەرەڕای ئە وەش بڵێـــت کە " *بەنواســـرائلیەك هەڵبژێـــردراوە لە سەروی ئافرەتانی هەموو نەتەوەکان* "

ئەگەر ئەو ویـــستبای نەتەوەی عەرەب بگـــرێتە خـــۆی، ئەوا عەرەبەکـانی بەرز دەنرخانـــد و یەکێـــك لەئـــافرەتە عەرەباکـــانی هەڵدەبژارد . بۆنمونە " *دایکی ، خێزانی یان کچەکەی* " وەکو سەرداری ئافرەتانی هەموو نەتەوەکان "

بەڵام وەڵامەکە لە م ئایەتەدا دەردەکەوێت ،خوا دەفەرموێت :-

"ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۚ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ "-"آل‌عمران :٤٤"

("ئەوشتانەی باسکران چەند هەواڵێک بوون لەغەیبەوە، ئێمەلەرێگەی "وەحی" و سروشەوەبەتۆی دەگەیەنین، خۆ تۆ "ئەی محمد "صلی اللەعلیەوسلم" لەوێ نەبوویت کاتێک پێنوسەکانیان هەڵئەدایە"ئاوەوە، پێنوسی کێ سەرکەوت و ناو نەبرد" ئەوەیان مەریەم پەروەردەبکات، تۆ لەوێش نەبوویت کاتێک کێشەیان هەبوو "لەسەر ئەوەی کێ بەخێوی بکات").

و- هەروەها *"بیردۆزی یەکێتی عەرەب"* ناتوانێ ڕونکردنەوەیەکی قایلکەربێت ، بەهۆ ئەم ئایەتەی خوارەوە . خوا دەفەرمووێت :-

"يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ"-"البقرة :٤٧"

("ئەی نەوەی ئیسرائیل: یادی نازو نیعمەتەکانم بکەنەوەکەڕشتومەبەسەرتاندا بێگومان من گرنگی زۆرم پێداون و نازونیعمەتی زۆرم پێبەخشیوون "لەخواردن و خواردنەوەلەموعجیزەی جۆراوجۆر، لەچارەسەرکردنی کێشەکانیان، ... هتد"من زیادەڕێزی ئێوەم داوەبەسەر هەموو

خەڵکیدا "ئەڵبەتەلەسەردەمی خۆیاندا و ئەوانەی کەپابەندی ئاینی خوا بوون، بەتایبەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان...").

٤- بەمە بەستی چاکسازی ڕەوشت.

لەوانەیە هەندێك " چاکسازی ڕەوشتی " وەك کێشەیەکی هاندەر سەیرکەن ، کە پێغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* " پشتی پێ بە ستبێت بۆ کۆکردنە وەی قورئان .

قورئان دەفەرموێت :-

"وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَنْ قَالَ سَأُنْزِلُ مِثْلَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ ۗ وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ ۖ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنْتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ "الأنعام :٩٣"

("کێ لەوستەمکارترەکەدرۆ بۆ خوا هەڵبەستێت و یاخود بڵێت: منیش وەحی و نیگام بۆ هاتووە، لەڕاستیشدا هیچی بۆ نەهاتبێت، هەروەها ئەو کەسەش کەوتویەتی: منیش وەك قورئان کتێبێك دادەبەزێنم وەك خوا دایبەزاندوە، خۆ ئەگەر ئەو

ستەمکارانەببینی چۆن لەئێش و ئازاری سەرەمەرگدا "گیرێکیان خواردووە" فریشتەکانیش دەستیان لێدەکەنەوەو لێیان دەدەن و "پێیان دەڵێن": ئادەی گیانتان بدەن بەدەستەوە، دەی ڕۆحتان دەرکەن، ئەمڕۆ لەتۆڵەی "خوا نەناسیتاندا" سزاو ئەشکەنجەی ڕیسوایی و شەرمەزاری دەدرێن، چونکەشتی ناحەقتان بەدەم خواوەهەڵدەبەست و خۆتان بەگەورەدەزانی لەبەرامبەر ئایەت و فەرمانەکانی خوادا و لووت بەرزیتان نەیدەهێشت باوەڕی پێ بهێنن".

ئەم ئایەتە هەڕەشەی سزای سەخت دەکات بۆ درۆزنەکان ، ئەگەر پێغەمبەر " *صلى الله عليه وسلم* " نوسەری قورئان بوایە ، ئایە قورئانی داوە تە پاڵ خوا؟ وە وەسفی خۆشی دەکات بە خراپترین پیاو؟ .

ئایە ئەو دانەری قورئان بووە؟ بۆیە زۆر ئەگەر هە بوو ڕۆژێک ئەم هەڵبەستنە پەردەی لەسەر لابدرێت و بکەوێتە کێشە وە .

١- یەکێك لەمەبەستەکانی پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم" و قورئان بریتی بوو لە" چاکسازی ڕەوشتی" بەڵام تەنها بۆ عەرەب نا بەڵکو بۆ هەموو جیهان .

ئەگەر پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم" بەهەڵە بانگەشەی قورئانی کردبێت و وتبی ئەمە هی خوایە ، وە خۆشی بە دانەرەکەی دانابێت ، ئەو هەموو ئایەتانەی لە قورئاندا باس نەدەکرد ، شتێکی ئەوتۆی لە قورئاندا دەنوسی کە قەشە "پۆڵ" لە ئینجیلی" نیو تێستامێنت" بەشی دووەم لە پەرتوکی پیرۆزدا بەشی "٣" خەتی "٧" ئەگەر درۆی من ڕاستەقینەی خوا شکۆداربکات ، پاشان ئە وە من گوناهبارنیم" .

ئەم خەتە لە ئینجیلدا ئەوە دەگەیەنێت ،کە خواپێویستی بە درۆیە بۆسەلماندنی گەورەی خۆی .لەگەڵ ئەوەشدا ، خوا پێش ئیسلامیش هەر گەورەبووە ، بۆیە پێویستی بە هیچ درۆیە ك نیە بۆئەوەی گەورەی خۆی بسەلمێنێت .

بەپێچەوانەی ئاینەکانی تر ، لەئیسلامدا ، ئامرازو وەسیلەکان جیانەکراونەتەوە لە کۆتاییەکانیان ئەگەر داد پەروەریت دەوێت

پێویستە داد پەروەر بێت ، ئەگەر ڕاستیت ئەوێت پێویستە ڕاستگۆبیت ،زۆرێک لەخەڵک تەنها گرنگی بە ئەنجامی کۆتایی دەدەن ،وە گرنگی بە ڕونکردنەوە و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئەنجام نادەن .

هەندێ کەس ڕاستی دەزانێت بەڵام بۆسەلماندنی ئەوڕاستیە ،گفتوگۆی هەڵە بەکاردەهێنێت بۆنمونە :-

ئەگەر کەسێك بڵێت ٢+٢=٤ ئەوا ڕاستگۆیانە دەدوێت ،بەڵام ئەگەر داوای ڕونکردنەوە بکەی بۆ وەڵامەکەی ،لە ئەنجامدا دەڵێت مامۆستاکەم فێرمی کردووە ،وەڵامەکە ڕاستە ، بەڵام ڕونکردنەوەکە هەڵەیە.

وادابنێ کە: ئەگەر مامۆستا فێری کردباو پێی وتبا ،٢+٢ =٥،پاشان ئە و کەسە هەڵە ئەبوو ، ڕونکردنەوەکە بەبەهاکەی خۆی ڕاست ئەبێت .

نمونەیەکی تر :- ئەگەر تۆ دوو دراوی ئاسن هەڵگری پاشان دوو دانەی تر زیاد بکەی ، سەرەنجام دەبێتە چوار دراوی ئاسن ، بۆیە ئەگەر تۆ گفتوگۆی هەڵە بەکاربهێنیت بۆ سەلماندنی ڕاستی ،

ئەوا كەسێكی تر لەوانەیە هەمان گفتوگۆ هەڵەیە بەكاربهێنێت بۆسەلماندنی شتێكی ناڕاست .ئەو دەڵێت كە مامۆستاكەی وتویەتی ٢+٢= ٤ پاشان تۆش باوەڕدەكەی .

بەهەمان شێوە ئەمە شتێكی نالۆژیكیە ئەگەر بڵێی من تەلەفۆن بەكارناهێنم چونكە *" ئەلیك ساندەر گراهام بێل"* دای هێناوە كە كەسێكی درۆزنە .

ب- هەمان ئاگاداركردنەوە سەبارەت بە *"درۆو هەڵبەستن"* دراوە لە قورئاندا .

"وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الأَقَاوِيلِ "-" لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ "-" ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ "-" فَمَا مِنكُمْ مِنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ "الحاقة :٤٤-٤٧ "

("خۆ ئەگەر "محمد صلی اللەعلیەوسلم" هەندێك قسەو گوفتار بەدەم ئێمەوەهەڵبەستایە"-" ئەوەبەهێزو دەسەڵاتی خۆمان دەمانگرت"-" لەوەودوا ڕەگی دڵی دەپچڕێنین و دەیمرێنین "-" ئەوسا هیچ كەسێك نی یەلەئێوەبەربەست و بەرگری بكات لەئێمە ")

"أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ۖ فَإِن يَشَإِ اللَّهُ يَخْتِمْ عَلَىٰ قَلْبِكَ ۗ وَيَمْحُ اللَّهُ الْبَاطِلَ وَيُحِقُّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ ۚ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ "-"الشورى :٢٤"

("بەڵکو خوانەناسان دەڵێن: محمد "صلی اللەعلیەوسلم "بەدەم خواوەدرۆی هەڵبەستووە!! جا ئەگەر خوا بیەوێت مۆر دەنێت بەسەر دڵت داو هیچت بۆ ناوترێت، خوایش دەیەوێت ئاسەواری پەتاڵ و ناحەقی نەهێڵێت و حەق و ڕاستی بەفەرمانی خۆی بچەسپێنێت، چونکەبەڕاستی ئەو خوایەزانایەبەوەی کەلەتوێی دڵ و دەروون و سینەکاندا شاراوەیە").

"إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ "- "النحل :١٠٥"

("بێگومان هەر ئەوانەدرۆ هەڵدەبەستن کەباوەڕیان بەئایەتەکانی خوا نیە، هەر ئەوانیش درۆزنن و درۆیان کردۆتەپیشە").

ج- پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" هەموو قورئانی لەیەك دانیشتندا" ساتدا" بڵاونەکردۆتەوە ، ئەو بەش بەش قورئانی خوێندۆتەوە لەماوەی "٢٣" ساڵدا ، کەلەو ماوەیەدا هەرپرسیارێك کرابێت وەڵام دراوەتە وە .

قورئان دەفەرموێت :-

"يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِنْ تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللَّهُ عَنْهَا وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ "-"المائدة :-١٠١"

("ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەپرسیار مەکەن لەهەندێك شت، کەئەگەر ئاشکرا بکرێت بۆتان سەغڵەتتان دەکات، خۆ ئەگەر پرسیار بکەن دەربارەیان لەکاتی دابەزاندنی قورئاندا ئەوەبۆتان ئاشکرا دەکرێت، خوا چاوپۆشی لێ کردوون و "باسی نەکردوون" خواش لێخۆشبوو و بەحیلم و حەوسەڵەیە").

خەڵك ئەمەی بەهەل زانی و پرسیارگەلێکی زۆریان کرد لەبارەی " مەی ، قومارکردن ، چاکە ،خوێنی بێنوێژی ،مانگی نوێ ،گەنینی ئاو " تەنانت پرسیاری مێژوویش وەك "چیرۆکی ذولقەرنەین " وە لەزۆر شوێندا قورئان ئامازە بەم جۆرەپرسیارانەدەکات و دەفەرموێت:- ("ویسئلونک")

د- لەقورئانـــدا بەڵگەیەكـــی تە واو هەیە ســەبارەت بە *"بیـــردۆزی چاكسازی ڕەوشتی"* چونكە لەچەندان شوێندا پێغەمبەر *"صلی الله علیه وسلم"* لە لایەن قورئانەوە راستكراوەتەوە ،بۆ نمونە :-

جارێكیـــان كاتێـــك پێغەمـــبەر *" صلی الله علیـه وسـلم "* ســەرقاڵی بانـگهێشتـكردنی سە رۆكەكانی قورەیش بـوو لە مەكـكە ، موســوڵمانێكی كوێری هەژار بەنـاوی " عبـد الـلە كـوڕی ئـوم مەكـتوم " هـات و گفتوگۆكەی بـڕی ، لە بەر ئەوەی ئەیویـست لەبـارەی قورئـانەوە فێربێـت . پێغەمـبەریش گرنـگـی پێنەدا ، وە مۆنی پێـوە دیـار بـوو . بەرلەوەی پێغەمـبەر وشـەیەك بڵێت نیـگـا دابەزی كەبۆهەتاهەتایە لە قورئاندا دەمێنێتە وە

"عَبَسَ وَتَوَلَّىٰ "-" أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ"-"وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ "-""أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَىٰ "-"عبس : ١-٤"

("ڕووی گرژكـردو ڕووی ومرگێـڕا "مـەبـەسـت پێغـەمبـەرە"صلی اللـــەعلیـــەوســـلم" كاتێـــك "عبداللـــەی كـــوڕی ام مكتـــوم) كەنیمانـدارێكی نابینـابوو هـات بۆ خزمـەتی، ئەویـش هەنـدێك لەسەرانی قورەیشی كۆ كردبۆوەبەئومێدی هیدایەتیان، عبدالله

وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوا چی فێرکردوویت منیش فێر بکە، پێغەمبەر "صلی اللەعلیەوسلم" پێی ناخۆش بوو کەقسەکانی پێ دەبڕێت، لەبەرئەوەرووی گرژکرد و رووی وەرگێڕا. بۆیەسەرەتای ئەم سوورەتەدابەزی کەگلەییەلەپێغەمبەر "صلی اللەعلیەوسلم"-" لەبەرئەوەی‌نابیناکەهات بۆ لای"-" جا تۆ چوزانیت بەڵکو ئەو هاتبێت تا دڵ و دەروونی خاوێن بکاتەوە"-" یاخود ئامۆژگاری وەربگرێت، تا ئامۆژگاریەکەسوودی پێبگەیەنێت").

هیچ کەسێکی تر جگە لە پێغەمبەر "*صلی اللە علیە وسلم*" بەم شێوەیە پرسیاری لێنەکراوە ، جاج " قشە بێت یا تاوانبار" بەڵام لەبە ئەوە ی کەسێکی زۆر بە میهرەبان بووە لە گەڵ هەژاران ، وە بە بێ هیچ دودڵیە ك ئەم نیگایەی لە قورئاندا بلاوكردەوە ، وەهەر جارێك کەئەم پیاوە کۆێرەی ئە بینی سوپاسی دەکرد .

نمونە کانی تر :-

١- نیگا سەباردت بە سوێنخواردنەکەی پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم" دابەزی ، کاتێك سوێندی خوارد بۆتۆڵە سەندنەوەی مامی "أمام هەمزە "

"وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرِينَ "- "النحل :١٢٦"

("ئەگەر ویستتان تۆڵەبکەنەوە، دەبێت هەر بەقەدەر ئەو ستەمەی کەلێتان کراودتۆڵەبکەنەوە، خۆ ئەگەر ئارام گرو خۆگر بن، ئەودچاکتردبۆ ئارامگرو خۆگران").

٢-سەبارەت بە زیندانیەکانی شەڕ

"مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ "-"الأنفال :٦٧"

("بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووەکەدیلی هەبێت، هەتا کاتێك چاك پایەدارو جێگیر دەبێت لەزەویدا، "مەگەر"کەلوپەل و شتومەکی دنیاتان دەوێت؟! لەکاتێکدا خوا "سەرفرازیی"ئەو جیهانی دەوێت

و قیامەتی مەبەستەو خوا بالادەست و دانایە "سەرکەوتن بەئیمانداران دەبەخشێت و دانایەلەتاقی کردنەوەیاندا").

٣- نوێژ کردنی بۆ دووڕووەکان

وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ"-"التوبة :٨٤"

("هیچ کات لەسەر هیچ کەس لەو دووڕووانەنوێژ نەکەی کەمرد، لەسەر گۆڕەکەشی مەوەستە، چونکەبەڕاستی ئەوانەباوەڕیان بەخواو بەپێغەمبەرەکەی نەبوو و مردیشن لەکاتێکدا لەدین دەرچوو بوون").

بەشی سێهەم

١- بیردۆزی پەرکەماوی "گەشکە":-

هەندێك کەس رازین لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" کەسێکی راستگۆ و دڵسۆز بووە.بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێن کە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*"ئەشکەنجەی کێشاوە بەهۆی نەخۆشی سەرئێشە" فێ خود گەشکە"لەماوەی ئەم نەخۆشیەدا خوێندویەتەوەو پاشان بووە بەقورئان .

هەندێك لەنوسەران شێوەی پێغەمبەریان وەسفکردووە لەو کاتەی کە نیگای بۆ هاتووە لەگەڵ کەسێك کەتوشی ئەم نەخۆشیە دەبێت.بەڵام ئەم دوو شێوەیە لەیەکتر جیاوازبوون.

بەپێی حەدیث ئێمە ئەوەفێردەبین کە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" لەیەکێك لەم حاڵەتانەدا نیگای وەرگرتووە؛

- لەسەر شێوەی جەرەس.

❖ لەهەندێ کاتدا کەنیگای وەرگەرتووە دەوروبەر زۆرساردبووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئارەق لە ناوچاوانی هاتۆتەخوارەوە.

❖ هەندێ جار لەکاتی وەرگرتنی نیگا شڵەژاو دیاربووە

❖ لەکاتی وەرگرتنی نیگادا زۆرهەستی بە پەستان دەکرد.

ئەم حاڵەتانە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ نیشانە پزیشکیەکانی ئەم نەخۆشیە تێکناکەنەوە. "گەشکە" نەخۆشیەکی لەنەکاوە دەبێتە هۆی شڵەژانی مێشك یان جوڵاندنی جەستە، یاخود هەردوکیان.نیشانەکانی بریتین لە "لەدەست دانی هۆش یاخود بەشێك لەژێری ،ماسولکەکان گرژ دەبن یان جەستە دەلەرزێت بەهۆی ڕەفتاری سەیرلە.٧٠٪ ی ئەوکەسانەی کەتوشی ئەم نەخۆشیە دەبن لە خوار تەمەنی ٢٠ساڵین ، ئەم نەخۆشیەش نامێنێت کاتێك کەسەکە ئەگاتە تەمەنی هەرزەکاری.

جۆرەکانی نەخۆشی پەرکەماوی:-

١- گەشکەیەکی خراپی گەورە"فێی قورس"

ا-لەرزینـــــی جەســـــتە بەهـــۆی لەدەســـــت دانـــی هۆش"بەئاگایی،هەست" ، دەنگێکی بەرز لەکەسی توشبوو بەرزدەبێتەوەو دەکەوێتە سەر زەوی.

ب-ڕەق بـوونی جەســتە و لەرزینــی هەرچـوار پەل ، لەهەنـدێك حاڵەتدا زمان تاڵ دەبێت بەهۆی گرژبوونی ڕوخسار.

ج-لەئەنجامـدا کەسی تـوش بـوو سـەری لێتێکـدەچێت و هەست بەشڵەژان و خەو نەخۆشی دەکات.

د-کەســی توشـبوو هـیچ شـتێکی بیرنـاکەوێتەوە لەوەی کە بەسەری هاتوە.

پێغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* " لەژیانیدا ئەم نیشانانەی تێدانەبوون یاخود بەهۆی ئەم نیشانانەوە نەی ناڵاندووە لەهەمووش گرنگتر

ئەوەیە کە لەدوای نیگا هەموو شتێکی پێش نیگای لەبیربووە و پاشان خوێندویەتە و لەبەری کردوە

٢-گەشکەیەکی خراپی کەم"فێی سوك"

ئەم جۆرە لەمندالآندا ڕودەدات وە دەمرن لەماوەی پێش هەرزەکاری بێئاگا بوونێکی کاتی(ڕوداوێکی زۆرکورت لە بێ مەیلی) ڕوو لە توشبووەکە دەکات کەبەزۆری لە ١٥ سانیە زیاتر ناخایەنێت.لەکاتێکدا پغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* " لەتەمەنی ٤٠ساڵیدا نیگای بۆهاتووە ، وە هەرماوەی نیگایەك چەند دەقەیەکی خایەن دووە ، ئەمە شتێکی مەحالە ئەگەر پێغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* " بە هۆی ئەم ئازارە ئەشکەنجەی کێشابێت.

٣-شلە ژانێکی کاتی لە چالاکی هەستیدا.

ئەم نەخۆشیە لەبەشێك لە مێشکدا ڕوودەدات وە نەخۆشیەکە کاردەکاتە سەرئەو بەشانەی کە ڕەپتن بەم بەشەی مێشکەوەو نیشانەکانی بریتین لە لەرزینی بەشێك لە پەلەکان

"پەنجەكـــان"يـــاخود ســـڕدەبن ودەلەرزن .ئەم پەتـــايەش بەخێـــرای بڵاودەبێتەوە .

٤- لاوازی هۆش و لەبیرچونەوە.

ئەم جۆرانە ڕودەدەن لە ئەدگاری هەست و سۆز یان دەرونـدا، کە بـۆن و تـامێکی نـاخۆش یـان خەیـاڵ کـردن لە قەبـارە و دوری کەدەبێـتە هـۆی ترسـێکی گەورە ،نەخۆشـەکە بێمەیـل دەبێـت و شـتی نامۆدەکـات وە ماوەکەشـی ١-٣ دەقە دەخایەنێـت .لەدوای چاکبونەوە نەخۆشەکە هیچی بیرناکەوێتەوە . دوبـارە، پێغەمبەر هـیچ کـام لەم نیـشانانەی تێدانەبوون لەکـاتی دابەزینـی نیگـادا وەك کەســـــێکی بەئەزمـــــوون بینـــــراوە لە لایەن خێـــــزان و هاوڕێکانیەوە.

هۆکاری پەکەماوی

پەرکەمـــاوی دەرد نـــیە ،ئەمە نیـشانەیەکە"ڕوداوێـــکە" کەهـــیچ هـۆیەکی تـایبەیتی لەپـشتەوە نـیە، نیـشانەی ڕاستەقینەی بـریتیە لەباش کارنەکردنی شانەی هەستە دەمار لەمێشکدا،شانەکانی

هەستەدەمار چەندین تەزوی كارەبای دەردەپەڕێنن كەدەبێتە هۆی هەڵچون و ناسروشت بوونی خانەكان، ئەنجامەكەشی بریتی دەبێت لە لەرزین و لەدەست دانی بەشێك لە هۆش ،لەسەدا٥٠ ٪ حاڵەتەكانیش هۆكارە سەرەتاییەكانی ئەم نیشانەیە دەتوانرێت دەستنیشان بكرێت بە" برینداربوون لەكاتی منداڵبوون- تەشەنەكردنی نەخۆشیەكان وەكو هەوكردن كەكار دەكاتە سەر شانەكانی دەمار- ژەهراوی بوون -ژێرپەنجەی مێشك - دوركەوتنەوە لە ئەلكحول ،دەرمانی ئازاریەخش - شەكەت بوون"

پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " ئەم نیشانانەی تیادابەدی نەكراوە وە نەخۆشی "گەشكەش"شی نەبوە .ئەو بە كەسێكی جەستە تەندروست و مێشك تەندروست ناسراوە ، هەرچەندە كەوتوەتە نێوچەندان ئازارو مەینەتی بەڵام وێنەیەكی شازی لەخۆگری نیشانداوە ،قورئان كتێبێكی سەرسوڕهێنەرو نەگۆڕاو شكۆدارە، پزیشكێكی موسوڵمان وتویەتی "ئەگەر قورئان ئەنجامی ئەمە بوایە ، ئەوا خۆشحاڵ دەبوم بەبینی كاسانی تر لەم شێوەیە"

٢ - بیردۆزی سەرابی ئاینی :-

ئەوانەی کە بیردۆزی هەست هەڵخەڵە تاندنی ئاینی و تیۆری" بێئاگایی" کاری گەریان لەسەر هەیە ، پێیان وایە کە بنە ڕە ت و بنچینەی قورئان لە " ئاقڵ ، زانیاری ، ئەزموون و ژینگەی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" سەرچاوەی گرتووە .

هەرچەندە خۆی لەو ڕاستیە دا ئاگادارنەبووە ، تەنانەت هەندێك لە بێباوەڕان "کافرەکان" پێیان وابووە کە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" شێت بووە" ***خوانەکا***" ، بەئاسانی ئەم بیردۆزە ڕەتکراوەتە وە ، پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" بۆماوەی "٢٣" ئامۆژگاری خەڵکی کردووە بە پەیامێکی ڕێك و پێك .

ئەمەش پێچەوانەی ئەو شتەیەکە ، کە کەسێکی شێت بۆماوەی "٢٣" ئەوەندە ڕاست و دروست بێت .

لەلایەکی تر ، کەسی "خەیاڵ پەرست " ناتوانێت بۆماوەی "٢٣" خۆی هەڵخەڵەتێنێ و لە خەیاڵدا بژی ، بەوەی کە نیگای لەلایەن خواوە بۆهاتوە ، ئەگەر ئەم پەیامە لەناخی خۆیدا

هەڵقوڵابێت ، ئەوا قورئـان کـۆمەڵە زانیـاریەك لەخۆی دەگرێت کەلە مێشکی مرۆڤـدا سـەرچاوەی نەگرتـووە جـائەو کەسـە چ کەسێکی شێت بووبێت ، بێئاگابوبێت یاخود ژیربوبێت .

١- بۆنمـــونە صـــورەتی "الکهـــف" دابەزیـــوە بـــۆ وەڵام دانەوەی "موشریکاکانی مەککە" کە دەهاتنە لای پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" بۆ ئەوەی تاقی بکەنە وە .

ئەم جۆرە پرسیارانەیان لێدەکرد :-

- خەوتووە کانی ناو ئەشکە وتەکە کێبوون ؟
- چیرۆکی ڕاستەقینەی "خظر" چیە ؟
- چی لەبارەی "ذولقرنین" دەزانی ؟

ئەم سێ پرسیارە پەیوەندیان بە "عیسا و مەسیحیەکان "ەوە بوو ، کە لە ناوچەی عیجازدا نەزانراو بوون ، ئەم پرسیارنەیان کرد بۆئە وەی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" تـاقی بـکەنە وە ، کە

ئـاخۆ پێغەمـبەر" *صلى الله عليه وسلم*" پـشتی بەهـيچ سـەرچاوەو زانياری نەبينراو و شاراوە بەستووە .

پێغەمـبەريش" *صلى الله عليه وسلم*" ، پێـیَ وتـن بەيـانی وەلامتـان دەدەمە وە . هەرچەندە ، ئەوان هەموو ڕۆژێ بۆ وەلامی پرسيارەكان دەهاتنەوە لای پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم*" ، بۆئە وەی وەلامی پرسـيارەكانيان دەسـت كەوێـت . بەلام پێغەمـبەر" *صلى الله عليه وسلم*" ڕۆژ بەڕۆژ دوای دەخـستن هەتـا "١٥" شـەو تێـپەڕی ، هێـشتا نيگای بۆنەهاتبوو ، لە ئەنجامـدا خەلكی مەككە سەرزەنشتی پێغەمبەر يان كرد ،بۆيە پێغەمـبەر" *صلى الله عليه وسلم*" هەسـتی بە پەرێـشان و دلتەنگـی كـرد بە هـۆی دانەبەزينـی نيگـا كە چاوەڕوانی دەكرد .

لەدوای "١٥" ڕۆژ" ***جوبرايل***" دابەزی و نيگـای بـۆ هێنـا وە وەلامـی پرسيارەكانی پێوت ، هۆكاری ئەم دواكەوتنەش خوا لە قورئاندا ڕونی دەكاتە وە :-

"وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا "-" إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ ۚ وَاذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَىٰ أَن يَهْدِيَنِ رَبِّي لِأَقْرَبَ مِنْ هَٰذَا رَشَدًا "-"الكهف "٢٣-٢٤"

"هەرگیز دەربارەی هیچ شتێك و هیچ کارێك مەڵێ، من بەڕاستی سبەینێ ئەنجامدەری ئەو کارەم..."ـ"(

مەگەر بڵێیت: ئەگەر خوا بیەوێت و ویستی پەروەردگاری لەسەر بێت، یادی پەروەردگاریشت بکەکاتێك کەلەبیرت چوو بڵێیت "ان شاء الله" لەئەنجامدانی هەر کارێکدا بڵێ: ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنمووییم بکات بۆ بەڵگەیەکی نزیکتر لەمەتا بەو شێوەیەی کەپێی چاکەو لای پەسەندەجێبەجێی بکەم").

هەرچەندە ، دواکەوتنی نیگا بۆ پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" بەئازار بوو ، بەڵام لەڕاستیدا هێزو توانای پێبەخشی .

سەختە باوەڕ بکرێت کەچۆن "سەرابی خەیاڵی" یامەتی پێغەمبەری دابێت ، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانیان بەڕاستی و بێدەنگ کردنی ڕەخنە گرەکانی .

ب- سەرەڕای ئەم جۆرە زانیاریانە ، چەندین زانیاری جۆراوجۆر هەیە لە قورئانی پیرۆزدا کە مێشکی مرۆڤ لەو ساتەدا نەیتوانیووە پەی پێبەرێت ، جاچ ئەو مرۆڤە کەسێکی بە "ئاگابووبێت ، بێئاگا یاخود بێهۆش"

بۆنمونە قورئان ئەم زانیاریان لەخۆدەگرێت :-

روداو ڕاستی مێژویی کە بۆ پێغەمبەر و سەردەمی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" نە زانراو بوون وەکو:-

- " چیرۆکی ذولقەرنەین- شاری احرام"
- چەندان پێشبینی سەبارە ت بەداهاتوو کە هاتونە جێ.
- چەندین ڕاستی زانستی کە نەزانراو بوون ، وە سەدان ساڵ لەدوای دابەزینی قورئان ئاشکرا بوون.

بەشی چوارەم

قورئان له ئینجیل وەرگیراوه .

زۆرێک له ڕەخنەگران دەڵێن «پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم" خۆی دانەری قورئان نیه ،بەڵام لەسەرچاوەکانی تری مرۆڤ فێربووه ، وەریگرتووه له پەڕاوه ئاسمانیەکانی تر .

١- پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم" قورئان له ئاسنگەرێکی ڕۆمانی فێربووه که "مەسیحی"بووه .

هەندێك لەبت پەرستەکان پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم" بەوه تاوان باردەکەن ، که قورئان له ئاسنگەرێکی ڕۆمانی فێربووه ،کەخاوەنی بیروباوەڕی مەسیحی بووه و لەدەورو بەری مەککه ژیاوه . پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم" بەزۆری سەردانی کردووه و سه یری کارەکەی کردووه .

بەڵام قورئان لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێت :-

"وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ "-"النحل :١٠٣"

("سوێند بەخوا ئێمەبەڕاستی دەزانین بۆ باوەڕان دەڵێن: ئەم قورئانەتەنها کەسێك فێری دەکات، "بەمەر جێك" زمانی ئەو کەسەی ئەوان دەڵێن قورئان فێری محمد دەکات، عەجەمیەو عەرەبی نیەو ڕەوان نیە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم قورئانەبەزمانی عەرەبی و پاراوو ڕوون و ئاشکرا داڕێژراوە").

چۆن کەسێکی بیانی کە ناتوانێت باش بەعەرەبی قسە بکات و خاوەنی عەرەبیەکی سادەبێت ،ببێت بەسەرچاوەی قورئان لەکاتێکدا ، قورئان خاوەنی زمانێکی پاراو ڕەوانبێژە

"زۆر باشە عەرەب " کە باوەڕت وایە ئاسنگەرێك پێغەمبەری" *صلى الله عليه وسلم*" فێرکردووە .

تەنها وەکو ئەوە وایە کە کەسێکی چینی کۆچ بکات بۆ ئینگلتەرا کە خۆی باش ئینگلیزی نازانێت پاشان شکسپیر فێری ئینگلیزی بکات .

ب- پێغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* " قورئان لە وەرەقە فێر بووە " ئامۆزای خەدیجە "

پەیوەندی نێوان پێغەمبەر و زانا مەسیحی و جولەکەکان زۆر کەم "سنوردار"بووە دیارترەین مەسیحی بریتی بوو لە " **وەرەقەی کوڕی نوفل** " کە کە سێکی کوێر و پیربوو . هەروەها ئامۆزای خەدیجەی خێزانی پێغەمبەر بوو . " *صلی الله علیه وسلم* "پسپۆڕ بوو لە "نیو تێستامێنت"بەشی دووەمی ئینجیل "

پێغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* "دوجار وەرەقەی بینیوە ، یەکەم جار؛ کاتێك وەرەقە خەریکی ئەنجامدانی پەرستش بوو لە نزیك"کەعبە" بەرلە بوونی بە پێغەمبەر ، بەمیهرەبانیە وە ناوچاوانی پێغەمبەری ماچ کرد . جاری دووەم؛ پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* "وەرەقەی بینی لەدوای دابەزینی نیگا . "٣" ساڵ دوای

دابەزینی نیگا وەرەقە كۆچی دوای كرد لە كاتێكدا نیگا بۆماوەی "٢٣" ساڵ بەردەوام بوو .

ئاینی پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم" گفتوگۆ لەگەڵ جولەكە و مەسیحیەكان دەكات .

ڕاستە پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم" گفتوگۆی لە گەڵ مەسیحی و جولەكەكان هەبووە ، بەڵام ئەم گفتەگۆیانە لە شاری مەدینە بوە لەدوای "١٣"ساڵ لەهاتنە خوارەوەی نیگا.

بەڵگەی ئەوەی كە مەسحی و جەلەكەكان سەرچاوەی قورئان بوون یان پێغەمبەریان فێركردووە ، ڕاستنیە و بەپێچەوانە وە ، لەم جۆرە گفتوگۆیانەدا پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم" مامۆستایان بووە بۆ بانگهێشتنیان بۆ سەرئاینی ئیسلام كە دوور كەوتبوونەوە لەیەك تاپەرستی. پاشان زۆرێك لەوانە ئیسلامیان قوبوڵكردو موسوڵمان بوون .

پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم" فێری قورئان بووە لە "جولەكە و مەسیحیەكان" لەدەرەوەی نیمچە دورگەی عەرەبی .

سـەرجەم تۆمـارکراوە مێژوییەکـان ئەوە نیـشان دەدەن کە پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " بەرلەبوونی بە پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " سێگەشتی بۆ دەرەوەی مەککە کردووە .

- لەتەمەنی"٦" ساڵێدا لەگەڵ دایکی ڕۆیشت بۆ شاری مەدینە .

- لەنێوان تەمەنی "٩-١٢"ساڵیدا لەگەڵ مامی "ابوطالیب"ڕۆیشت بۆشام"سوریا"لە گەشتێکی بازرگانیدا.

- لەتەمەنی"٢٥" ساڵیدا بوە سەرۆکی کاروانی "خەدیجە" بۆ سوریا"شام"

ئەوە خەیاڵێکی گەورمیە ئەگەر بووترێت، قورئان بەرهەمی ئەو کۆبنەوانەیە کە پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " لەگەڵ مەسیحی و جولەکەکاندا کردویەتی ، یاخود لە گەشتەکانیدا.

هـ-هۆکارە لۆژیکیەکان کەدەی سەلمێنن پێغەمبەر" صلی الله علیه وسلم " قورئان لە مەسیحی و جولەکە کان فێرنەبووە .

ڕۆژبە ڕۆژ ژیانی پێغەمبەر' *صلی الله علیه وسلم* "كتێبێكی كراوە بووە بۆئەوەی هەموان ببینن ، لەڕاستیدا نیگا بۆئەوە هاتووە تاداوا لەخەڵك بكات، بۆئەوەی هەندێك تایبەتمەندی بدەن بە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* ".

ئەگەر پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* "كۆبوونەوەی لەگەڵ خەڵكی هەبوایەو پێیان وتبا ئەمە بكە بەنیگا ، ئە وا ئەم كارە بۆماوەیەكی ئەوەندە درێژ نەی دەتوانی خۆی بشارێتەوە.

دیارترین خانەدانەكانی قورەیش كە ئیمانیان هێناوە و ئیسلامیان قبوڵكردووە ، كەسانی زیرەو ژیربوون. ئەوان زۆر بەئاسانی دەیان توانی دەرك بەڕاستی بكەن و هەرشتێك كە جێگەی گومان بێت لە وەی كە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* "پێیان دەڵێت لەماوەی "٢٣"ساڵی دابەزینی نیگادا.

نەیارانی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* " لەنیزیكە وە سەیری پێغەمبەر و كارەكانیان كردوە، بۆ ئەوەی تاكە بەڵگەیەك بدۆزنەوە بۆ بانگەشەكەیان ،كە كەسێكی "*درۆزنە*" بەڵام نەیانتوانی بەڵگەیەك بدۆزنەوە كە پێغەمبەر" *صلی الله علیه*

وسلم" کە تاکە کۆبـونەوەیەکی لە گەڵ مەسـیحی و جولەکەکان هەبوبێت.

ئەمە شتێکی نەگونجاوە بۆهەرکەسێك کە نوسەری قورئان بێت وە ئەم حاڵەتەشی قبوڵ کردبێت بە بێ بوونی هیچ بنەڕەت و سەرچاوەیەکی قورئان .

بەم شـێوەیە ، چ لەڕوی مێـژووەوە چ لەڕوی ئە قـڵ و ژیـریەوە ناتوانرێت دابنرێت ، کە سەرچاوەی مرۆیی هەبووبێت بۆقورئان.

و- پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" نەخوێندەوار بووە .

ئەو تیـۆرەی کە دەڵێـت پێغەمـبەر" *صلی الله علیه وسلم*" دانەری قورئـانە یـاخود لەسـەر چاوەکـانی تـر وەری گرتـوە .تەنها بەیەك ڕاستی مێژویی بەدرۆدەخرێتەوە کە بریتیە لەوەی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" نەخێندەواربوە .

خواخۆی لەقورئان شایەتی دەدات:-

""وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ-إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ

"-"العنكبوت :٤٨

("تۆ ئەی پێغەمبەر "صلی اللەعلیەوسلم"پێش ناردنی ئەم قورئانەهیچ کتێبێکت نەدەخوێندەوە، بەدەستی خۆیشت هیچ شتێکت نەنووسیووە، "چونکەنەخوێندەوار بوویت"خۆ ئەگەر شتێکی وات ئەنجام بدایە، لەو کاتەدا نەفام و دەم بەتاڵەکان دنیایان پڕ دەکرد لەشك و گومان کەگوایەقورئان لەدانان و دارشتنی تۆیە").

خوا دەیزانی کەزۆرێك لەمرۆڤەکان گومان لە ڕستیەتی قورئان دەکەن ،وە دەیدەنە پاڵ پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* "بۆیە خوای گەورە دواهەمین پەیامبەری خۆی هەڵبژارد بە "نەخوێندەواری"بۆیە هیچ کەس بیان وپاساوی نیە کە گومانی لە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* "هەبێت.

ئەم تۆمەتەی نەیارانی کە گوایە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* " قورئانی لەسەر چاوەکانی تر وەرگرتووە ،پاشان دایرشتۆتەوە بە زمانێکی جوان و سەنگێکەوە ، خوای گەورە دوپاتی دەکاتەوە :-

"الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ "-"الأعراف :١٥٧"

("ئەوانەی کەشوێنی ئەم "محمد"صلی الله علیه وسلم" پێغەمبەرەهەواڵدەرنەخوێندەوارەدەکەون ئەوەی کە"گاورو جوو، ناوو نیشانیان" دەستیان دەکەوێت نووسراوەلای ئەوان لەتەورات و ئینجیلدا، فەرمانیان پێدەدات بەچاکەو قەدەغەی گوناهو خراپەیان لێدەکات و هەرچیەك پاکو چاکەبۆیان حەڵاڵ دەکات و هەرچی پیس و ناپوختەلێیان حەرام دەکات و ئەرکەقورس و سەنگینەکان لەسەرشانیان لادەبات، ئەو کۆت و زنجیرانەش کەلەسەریان بوو لای دەبات "وەك خۆ کۆشتن لەکاتی تەوبەدا... هتد"، جا ئەوانەی باوەڕیان پێ هێناوەو پشتیوانیان لێکردوەو پشتگیریان کردووەو شوێنی ئەو نوورەکەوتوون "کەقورئانە)" و هاوڕێ لەگەڵیدا ڕەوانەکراوە، هەر ئەوانەسەرفرازو ڕزگارن").

هەروەها لە ئنجیلیشدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو پێغەمبەرەی دێت "نەخوێندەوارە"

"کتێبی""Isaiah"١٢"٢٩"

قورئان زیاتر لە "٤" شوێندا ئاماژ بەنە خوێندەواری پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم" دەکات.

"قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ-لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ-فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ "-"الأعراف :١٥٨"

("ئەی محمد"صلی الله علیه وسلم" بڵێ: ئەی خەڵکینەبەڕاستی من پێغەمبەرو فرستادەی خوام بۆ ئێوەبەگشتی، ئەو خوایەی کەهەر بۆئەوەخاوەنداریتی ئاسمانەکان و زەوی، هیچ خوایەك نیەجگەلەو زاتە، دەژێنێت و دەمرێنێت، جا کەوابوو باوەڕی پتەو بهێنن بەو خوایەو بەپێغەمبەرەکەی، کەهەواڵدەرێکی نەخوێندەوارە، "تاهیچ کەس نەڵێت پیاوێکی خوێندەوار بووەو خۆی قورئانی داناوە" ئەو پێغەمبەرەی کەخۆی باوەڕ دەهێنێت بەخواو بەفەرموودەکانی، دەئێوەش شوێنی بکەون، بۆ ئەوەی ئێوەڕێنموویی وەرگرن").

"هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ "-"الجمعة :٢"

("هەر ئەو زاتەیەلەناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لەخۆیان ڕەوانەکرد، ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوەو دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان پوختەدەکات، فێری قورئان و دانایی و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانەپێشتر لەگوامڕایی و سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو").

ی- چاپی ئینجیل بەزمانی عەرەبی لەو سەردەمەدا بونی نەبوو؛

ئەم چاپە عەرەبیەی ئینجیل کەئێستا هەیە بەزمانی عەرەبی ،لەسەردەمی پێغەمبەردا بونی نەبووە. "ئۆڵد تێستامنت" بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆز" بەزمانی عەرەبی هاتۆتە کایەوە لە٩٠٠ زاینی لەلایەن "ڕابی سادیەس گۆن "بە "٢٥٠"ساڵ لەدوای مردنی پێغەمبەر" صلى الله عليه وسلم"

کۆنتیرین چاپی عرەبی"نیو تێستامێنت "بەشی دوومی کتێبی پیرۆز" بڵاوکراوەتەوە لەلایەن "ئێرپینس"لە ساڵی ١٦١٦زاینی سەدان ساڵ لەدوای مردنی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*"

ح- لایەنە لێکچوەکانی قورئان و ئینجیل "سەرچاوەی هەردوکیان یەکە"

لایەنی لێکچون لە نێوان قورئان و ئینجیلدا مانای ئەوە نیە کە قورئان لە ئینجیل وەرگیراوە. لەڕاستیدا ، ئەمە بەڵگەیەکە کەسەرچاوەی هەردوکیان نیگای ئاسمانیە "خوایە"هەموو نیگاکان یەك سەرچاوەن و لەیەك سەرچاوە هاتوون "لەلایەن یەك خوا"

گرنگ نیە کەشوێنکەوتوانی ئاینەکانی پێشتر پەڕاوە ئاسمانیەکانیان گۆڕیون و شێواندویانن لەسەر شێوە بنەڕەتیەکەی خۆیان.

ئێستا ئەمانە ماونەتەوە لەزۆربەی بەشە کانی جیهان ، سەرچاوەن بۆگەلێك لەئاینەکان .

ئەوە ڕاستە لە قورئـان و ئینجیلـدا هەنـدێك پـایە هەن کە وەکو یەکن یان لێکچون

بەڵام ئەمەش واتای ئەمە نیە کە پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* " قورئانی لە ئینجیل وەرگرتووە و پاڵاوتویەتی

هەروەك چـۆن ناتوانرێـت بوترێـت کە عیـسا پەیـامی لە "ئۆڵـد تێستامێنت"وەرگرتووە ،وە پێغەمبەرێکی بێ وێنە نیە "**خوانەکا**"

لایەنە لێکچووەکـــانی قورئـــان و ئینجیـــل ئەوە دەردەخەن کە هەردوکیان لەلایەن خوایەکی ڕاستە قینەو بەردەوام بونی پەیـامی بـاوەڕبونی یەك خـواییە. نەك بەواتـای ئەوەی کە هەر پێغەمبەرێك پەیامی لە پێغەمبەری پێش خۆی وەرگرتووە.

ئەگەر کەســێك غەش بکــات لەســەر وەرەقەی تــاقیکردنەوە ناتوسێت لە جیرانەکەم وەرگرتووە .

پێغەمـــبەر" *صلی الله علیه وسلم* "ڕێـــزی لەســـەرجەم پێغەمـــبەران گرتووە و باوەڕی پێیان هەبووە .قورئانیش ئاماژە بەوە دەکات کە خوای گەورە پەیامی جیاوازی بۆ پێغەمبەران ناردوە.

خ- موسوڵمانان باوەڕیان بە "قورئان، ئینجیل، زەبور، تەورات" هەیە .

ئەم چوار پەڕاوە ئاسمانیە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێکراوە ،تەورات بۆ موسا، زبور بۆ داود ، ئینجیل بۆ عیسا وە قورئانیش بۆ پێغەمبەر "-ﷺ" صلى الله عليه وسلم ".

یەکێك لەپایەکانی ئاینی ئیسلام ئەوەیە کە ئەبێت موسوڵمان باوەڕی بەسەرجەم پەڕاوە ئاسمانیەکان هەبێت، لەم ڕۆدا پێنج جۆر ئینجیل هەیە.

لەوانەیە لەم کتێبانەدا وتەی خواهەبێت، بەڵام ئەم کتێبانە هەمان کتێب نین کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکانی ناردوون ، قورئان ئامـاژە بەیەکریزی و برایەتی سەرجەم پێغەمبەران دەکات.لەبەرئەوە، بنچینەی فێرکردنی باوەڕی ڕستەقینەدژیەك و پێچەوانە نابێت .

هەرچەندە، لەوانەیە ماوەو کاتێکی زۆر لەنێوان پێغەمبەراندا هەبووبێت، بەڵام سەرچاوەی ئەرك و پەیامەکەیان بریتی بووە لەیەك " خوا"

ئەمانەش لەبەرئەوەیە کە قورئان دەڵێت ئەوجیاوازیەی کەلەنێوان ئاینەکاندا هەیە پێغەمبەرەکان لێی بەرپرسیارنین ،بەڵام ئەوە شـــوێنکەوتەی پێغەمبەرەکـــانن کە لەبیریـــانچووە کە پێغەمبەرەکانیان چیان فێرکردوون .

ســەرەڕای ئەمەش ، بەهەڵەتێگەیشتون و پەڕاوەئاسمانیەکانیان گۆڕیوە ،قورئان هیچ پێشبڕکێ ودژیەکی لەگەڵ"موسا-عیسا" پێغەمبەرەکانی تر نیە . بەپێچەوانەوە، قورئان ئەوە دەسەلمێنێت و دەچـــسپێنێت کە ئەوان بۆخەڵکەکانیـــان هێناوە،یەکێـــك لەناوەکانی قورئان بریتیە لە "فورقان" بەواتای " جیاکردنەوەی حەق لە باطـــل" ئەوە ئـــێمەین کەبڕیـــاردەدەین کـــامە وتە لە پەڕاوانەی کەئێستاهەن بەوتەی خوا هەژمار دەکرێن.

بەشی پێنجەم

بەراوردێکی زانستی لەنێوان قورئان و زانستدا

أ/ دروست بوونی جیهان لەماوەی شەش ڕۆژدا:-

بەپێی ئینجیلی "دروستبوون"جێنسس" بەشی یەکەم ،جیهان دروست بووە لەماوەی شەش ڕۆژدا، هەر ڕۆژێکیش بیست و چوار کاتژمێر بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، قورئان باس لەدروست بونی جیهان دەکات و دەڵێت لەشەش "ایام"دا ئەمە کۆی وشەی"یوم" کەدوو واتای هەیە.

یەکەمیان: "٢٤" کاتژمێر، دووەمیان: ئەم وشە عەرەبیە بەواتای *"قۆناغ" ماوە" چەرخ"* دێت ، "واتە ماوەیەکی زۆردورو درێژ" لێرەدا قورئان ئاماژە بەدروست بوونی ئاسمان و زەوی دەکات،لەماوەی شەش"چەرخ"دا ماوەیەکی دورودرێژ. کەزانایان هیچ بەرهەڵستیەکیان نیە،بەپێی زانست ماوەی دروست بوونی زەوی بلیۆنان ساڵی پێچووە ، کە پێچەوانەیە لەگەڵ چەمکی دروست

بونی جیهان لە ئینجیلدا، کەدەڵێت دروست بوونی جیهان شەش ڕۆژی خایاندووە.

ب- خۆر دروست بووە پاش دروست بوونی ڕۆژ.

ئینجیل لە کتێبی "دروستبوون "جێنسس"بەشی یەکەم خەتی "٣-٥" دەڵێت. ڕۆژ و شەو دروست بوون لەیەکەم ڕۆژی دروستبووندا، ڕوناکی لەجیهاندا بڵاودەبێتە وە لەئەنجامی ئاڵۆزی ئەستێرەکان.

بەپێی کتێبی"دروستبوون " لە بەشی یەکەمدا خەتی"١٤-١٩" خۆر لە ڕۆژی چوارەمدا دروست بووە ، ئەمە شتێکی ناواقیعیە کە ئاماژەبکرێت ڕوناکی دروست بووە لەیەکەم ڕۆژی دروست بووندا،لە کاتێکدا، هۆو سەرچاوەی ڕوناکی دوای سێ ڕۆژ دروست بووە ، هەروەك لە ئینجیلدا ئاماژەی پێکراوە .

زیاتریش بونی بەیانی و ئێوارە وەکو بەشێك لەڕۆژ، دەبێت لەدوای دروست بوونی زەوی بوبێت وە خولانەوەی بەدەوری خۆردا.

ئەگەر بڵێی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" شێوازی دروست بونی جیهـــانی لە ئینجیـــل وەرگرتـــووە ، کەواتە لەبیـــری چـــووە ئەم ئەنجامە نازانسیانە وەربگرێت"کۆپی بکات" .

ج- دروستبونی " *زەوی ،خۆر و مانگ*"

ئـێمە ئاگـادارین و دەزانــین کە کە زەوی و مانــگ هەڵقـولاوی ئەسـتێرەی بنەڕەتـین کە "خـۆر"ە،لەگەڵ ئەوەشدا،بە پێی ئینجیـل لەکتێبـی"دروسـتبوون"جێنـسس"بەشـی یەکەم ،خەتـی"٩-١٣"کە زەوی دروسـت بـووە لە سـێهەمین ڕۆژی دروسـتبووندا،وە بەپێـی ئەم چەند خەتانە"١٤-١٩" خۆرو مانگ دروست بـوون لەچوارەمین ڕۆژی دروستبوندا.

بەم شێوەیە، بەپێی ئینجیل خۆر دروست بووە بە لەدوای دروستبونی زەوی کەپـێچەوانەیە، لەگەڵ بیـرۆکەی پێکهـاتنی سیـستەمی خۆری.

ئ- گێژوگیـــا دروســـت بـــووە لە ســـێهەمین ڕۆژی دروســـتبوندا وە خۆریش لە چوارەمین ڕۆژدا.

بەپێی کتێبی"دروسبوون"جێنسس" بەشی یەکەم خەتی"١١-١٣"
گژوگیا دروستبووە لە سێهەمین ڕۆژی دروستبوندا، خۆریش
دروست بووە لە چوارەمین ڕۆژی دروست بووندا.

ئەگەر"پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" نوسەری ڕاستەقینەی
قورئان بوبێت ،ئەوە تەنها لە ئینجیل وەریدەگرت،

چۆن نەی توانی خۆی لەهەڵە زانستی و زانیاریەکان دورخاتەوە
کەلە ئینجیلدا بونیان هەیە،قورئان هیچ وتەیەکی تێدانیە کە
نەگونجاوبێت لەگەڵ هۆکارو دەقە زانستیەکان

(ە)خۆر و مانگ هەردوکیان ڕوناکی دابەش دەکەن.

بەپێی ئینجیل خۆرومانگ هەردوکیان ڕوناکیەکانیان
پەخشدەکەن.کتێبی "دروستبوون"جێنسس"بەشی یەکەم
خەتی"٦"دەڵێت.

"خوا دوو ڕوناکی گەورەی دروستکردوە" بەهێزەکە بۆڕوناك
کردنەوەی زەوی و ئەوی تر بۆڕوناك کردنەوەی شەو،

ئەمڕۆ، زانست پێمان دەڵێت ،مانگ خاوەنی ڕوناکی خۆی نیە، ئەمەش چەمکی قورئان دەسەلمێنێت، مانگ ڕوناکی لە خۆر وەردەگرێت. کەواتە ، پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" ١٤٠٠ ساڵ ئەو هەڵە زانستەیەی ڕاستکردۆتەوە کەلە ئینجیلدا بونی هەیە.ئەگەر پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" ئەمەی لە ئینجیل وەرگرتبا ئەوا ئەم هەڵەیەی ڕاست نەدەکردەوە.

وـ ئادەم یەکەمین پیاو لەسەر زەوی"٥٨٠٠" ساڵ لەمەوبەر.

ئەگەر کەسێك "بۆماوەزانی"یەکەمین پیاو بخوێنێت لەسەر زەوی ،"ئادەم ،ابراهیم . عیسا،"هە روەك لە ئینجیلدا ئاماژەی پێکراوە کە ئادەم نزیکەی "٥٨٠٠"ساڵ لەمەوبەر بونی هەبوە لەسەر زەوی. سەیرکە ؛

- ١٩٤٨ ساڵ لەنێوان ئادەم و ابراهیم
- نزیکەی ١٨٠٠ ساڵ لەنێوان ابراهیم و عیسا
- ٢٠٠٠ساڵ لەنێوان عیسا و محمد

لێرەدا، بەڵگەی زانستی لە "شوێنەوار و مرۆڤناسدا"باس لەوەدەکەن کە یەکەمین مرۆڤ لەجیهاندا هەزاران هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە نەك ئەوەی کەلە ئینجیلدا باسکراوە.

لەکاتێکدا، قورئان باس لەئادەم دەکات کەیەکەمین مرۆڤ بوە لەسەر زەوی ،وەباس لەکات و ساتی ئادەم لەسەر زەوی ناکات ،بەپێچەوانەی ئینجیل کەلەگەڵ زانست گونجاو نیە.

ی- نوح و لافاوەکە:-

کتێبی"دروستبوون"جێنسس" وەسفی لافاوەکەی نوح دەکات ، لەبەشکانی "٦-٧-٨"کە ئەم لافاوە لافاوێکی جیهانی بووە، وە هەموو شتێکی زیندوی تێکشکاندووە، جگە لەوانەی کە لەگەڵ "نوح"بوون لەناو کەشتیەکەدا.

لەم وەسفکردنەدا وادەردەکەوێت کە ١٦٥٦پاش دروستبونی ئادەم بووە ، وە ٢٩٢٠ساڵ پێش دروستبونی ابراهیم بووە.

کاتێك نوح تەمەنی ٦٠٠ ساڵ بووە ، لافاوەکە ڕویداوە،لە سەدەی "٢١-٢٢"پ.ز

ئەم چـــرۆکە "لافـــاوەکە"دژی بەڵـــگە زانـــستیەکانە لە سەرچاوەکانی شوێنەوار، وەسفکردنی قورئـان بۆ چیرۆکەکەی "نـوح" هاوتـایە لەگەڵ بەڵـگەی زانـستی واتە"هـیچ دژیەکـی تێدانیە" چونکە ؛

یەکەم: قورئـان باس لە کاتی تایبەت سەبارەت بە کات و ساتی لافاوەکە ناکات.

دووەم؛ قورئـان بـاس لەوەناکـات کەئەم لافـاوە جیهـانی بـووە و هەمـوو شتێکی زینـدووی تێکشکاندووە .قورئـان بەشـیوەیەکی تایبەت دەڵێت لافاوەکە تایبەت بووە بە خەڵکەکەی نوح.

ئەمە شـتێکی نـاواقیعی و نـالۆژیکیە ئەگەر بوترێت پێغەمـبەر" *صلی الله علیه وسلم*" قورئانی لە ئینجیل وەرگرتوە .

ج- چیرۆکی فیرعەون و کۆچکردنەکەی موسا.

چیرۆکـی فیـرعەون و کـۆچکردنەکەی موسـا، زۆر نـزیکە لە قورئــان، هەردوو پەڕاوە ئاســمانیەکان ڕازیــن لەســەر ئەوەی کە فیـرعەون خنکـا لەکـاتی دواکەوتنـی بەدوای موسـادا کاتێـك

کەبەنوایسرایلەکان لەئاوەکەدا پەڕینەوە ئەوەی کەگرنگە ئامەژەی پێبکرێت لێرەدا ئەوەیە ،کەقورئان زانیاری زیاتر دەدات.

خوای گەورە دەفەرموێت:-

"فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ "-"يونس :٩٢"

("ئەمڕۆ ئیتر لاشەی تۆ ڕزگار دەکەین تا ببێتەموعجیزەو پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی دوایتۆ دێن "دیارەخوای گەورەپاراستویەتی لەوەی کەماسی بیخوات، شەپۆلی دەریا کەیاندیەکەنار، تا ئەوانەی کەبەخوایان دەزانی بەچاوی خۆیان ببینن کەفیرعەون ئادەمیزادێکەوەك ئەو خەڵکەو ببێتەپەند، بۆ هەموو پاشاو زۆردارەکانی سەر زەوی کەئەوسەرئەنجامی مسۆگەری هەموویانە". بەڵام بەڕاستی زۆریەی خەڵکی لەئایەت و موعجیزەکانی ئێمەغافڵ و بێئاگان").

نمونەیەکی ئاوا لە ئینجیلدا بونی نیە.

دکتۆر"ماوریس بوکایل"دەڵێت لەدوای توێژینەوەیەکی تەواو سەبارەت بە"ڕامسیسی دووەم" کە ویستویەتی اسرائلیەکان ڕازیبکات وە لەو کاتەدامردوە کاتێك موسا پەنایبردوەتە شاری مەدیەن.

کوڕی "ڕامسیسی دووەم" لەدوای باوکی بوە بە فیرعەون، کەناوی"مێرنیپتاه"بووە. وە "مێرنیپتاه"بوو خنکا لە کاتی دواکەوتنی موسا وە لە ساڵی "١٨٩٨"جەستەکەی دۆزرایەوە لە "دۆڵی پاشاکانی میسر".

لە ساڵی"١٩٧٥"دکتۆر" ماوریس بوکایل" لەگەڵ دکتۆرەکانی تر، مۆڵەتیان خواست بۆپشکنینی جەستەکەی لە ئەنجامدا سەلماندیان کە ئەم کەسە خنکاوە یاخود لە پێکدادانێکی خێرادا مردوە.

بەم شێوەیە لە قورئاندا ئایەتێك هەیە دەڵێت " ئێمە وەکو ڕەمزێك ئەم جەستەیە دەپارێزین"

ئێستا جەستەکە پارێزاوە لە مۆزەخانەی میسر لە "قاهیرە" ئەم ئایەتەی قورئان توێژینەوەی دکتۆر" ماوریس بوکایل" پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەم دکتۆرە مەسیحی بووە، پاشان کتێبێکی نوسی

بەنـــاوی" ئینجیل:قورئان:زانـست"ڕایگەیانـد کەهـیچ کەسـێك نوسـەری قورئـان نـیە، جـگە لە "الـلە"کە بـنەڕەت و سـەرچاوەی هەموو شتێکە ،بەم شێوەیە ئیسلامی قوبوڵکرد.

سـەرجەم ئەم بەڵگـانە ئەی سـەلمێنن کە قورئـان لە ئینجیـل وەرنەگیـراوە، بە پـێچەوانەوە قورئـان بـریتیە لە "فورقـان" بنەمـای جیـاکردنەوەی ڕاستـی لە ناڕاسـتی.وە ئەوە قورئـانە کە بڕیـاردەدات کامە بەشەی ئینجیل وتەی خوایە.

"وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ ۖ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ۚ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ "-"المائدة :٤٨"

("ئێمەقورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێرەبەسەر هەموویاندا "کاتێك خاوەنانی کتێب لەگاورو جوو گیروگرفتیان دەهێنن بۆ لای تۆ" بەو بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی داوەریی بکەلەنێوانیانداو شوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوەو لەو حەقەلامەدەکەبۆت ڕەوانەکراوە، بۆ هەرلایەکتان "موسڵمانان و خاوەنانی کتێب" بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوەخۆ ئەگەر خوا

بیویستایەهەر هەمووتانی دەکردەیەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام "ویستی وایەبەو جیاوازیە" تاقیتان بکاتەوەلەوەی پێی بەخشیوون "تا بەهۆی عەقڵ و ژیریتانەوەشوێنی پێغەمبەری ئیسلام بکەون"، دەی کەواتەزۆر بەپەلەبن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێرو چاکەیەك، دڵنیاش بن کەهەمووتان دەگەڕێنەوەبۆ لای خوا، ئەو کاتەهەواڵی تەواوتان دەداتێ دەربارەی ئەو شتانەی کەکێشەتان لەسەری هەبوو").

بەشی شەشەم

۱- قورئان وەکو کتێبی چیرۆك نیە.

بەپچەوانەی کتێبە ئاسمانیەکانی تر ، قورئان ڕوون و بێهاوتایە لەشێوازی گێڕانەوەی مرۆڤ ،هەموو کتێبێکی ئاینی جگە لە قورئـانی پیـرۆز" شـێوازی گێـڕانەوە پەیڕەودەکـات ، کەهاوتـایە لەگەڵ کتێبی چیرۆك.

شێوەو شێوازی کتێبی چیرۆك بریتیە لە؛"جارێک لەجاران ، ڕێویەک و هێشوەترێیەک یان بەرخ و گورگەکە...هید" .

ئەمانە هاوشێوەی تایبەت مەندیەکانی کتێبی چیرۆکن" جارێک لە جاران ئەمە ڕویدا" هەمـوو پەڕاوە ئاینیەکـان سـەرەتاو کۆتاییـان هەیە .گێـڕانەوەی ڕووداو هۆکـارە مێژوییەکـان پەیـوە نـدیەکی ڕێك و پێکیـان پێکەوە هەیە. بەم شێوەیە مرۆڤەکان دەدوێن و قسەدەکەن.

قورئان کتێبێکی بێهاوتایە ، ئەو ئایەتانەی کەسەرەتا دەبەزیون ئەوە فەرمانی خوان ؛ کەدەفەرموێت :- "بخوێنە" -"بەناوی ئەوخوایەی کەمرۆڤی دروست کردووە "قورئان بە شێوەیەکی گێڕانەوە دەست پێناکات .

❖ یەکەمین سوڕەتی قورئان بەم شێوەیە دەست پێدەکات:-

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ"-" الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ "-"الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ "-"مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ "-"إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ "-"اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ "-"صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ "-"الفاتحة ١ -٧:"

("بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان بەناوی ئەو خوایەی کانگای ڕەحمەت و سۆزو بەزەییە""سوپاس و ستایش هەر شایستەی خوایەو بۆ خوایە، کەخاوەن و پەروەردگاری هەموو جیهانیان و هەموو بوونەوەرە" -"بەخشندەی میهرەبان، کانگای ڕەحمەت و میهرەبانیە"-"ڕەحمەتی لەدنیادا هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەڵام لەقیامەتدا تەنها بۆ ئیمانداراانە" -"خاوەن و

ســـــــەرداری ڕۆژی پاداشـــــــت و ســـــــزایه"-"پادشـــــــای ڕۆژی قیامـەتـەکـەدادپـەروەری ڕەهـاو بـێ سنووری تێـدا بـەرپـا دەکـات" خوایـە، تەنها هەر تۆ دەپـەرستین و هـەر لـەتـۆش داوای یارمـەتـی و پشتیوانی دەکەین"- "لەکاروباری دین و دنیاماندا، بەکەسی تر لەیەدەکانت ناکرێت"-"خوایەبەردەوام ڕێنموویيمان بفـەرموو بۆ ئـەم ڕێبـازی ڕاسـت و دروسـتی ئیـسلامە"-"کـەبـەرنامـەو ڕێبازی ئەوانەیەلەنازو نیعمەتی خۆت بەهرەوەرت کردوون، نەمانخەیتەسەر ڕێبازی ئەوانەی خەشم و قینیان لێگیراوە"بەهۆی ئەوەوەدەیزانن و لایانـداوە"، هـەروەهـا نـەمانخاتـەسـەر ڕێبـازی ئـەوانـەش، کـەسـەرگـەردان و گـومڕان بـەهـۆی لاساری و یـاخی بـوون و نەزانینیانەوە "

❖ دووهەمین سورەتی قورئان بەم شیوەیە دەست پێدەکات :-

"الم "-" ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ "-" الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ "-" وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ "-" أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِنْ رَبِّهِمْ ۖ

وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ "-" إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ"-" خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ "البقرة "١-٧"

("چەند پیتێك لەسەرەتای هەندێ لەسوورەتەكانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان "١٤" پیتە، نیوەی كۆی پیتەكانی زمانی عەرەبین، بۆ سەلماندنی "اعجاز" و مەزنی و گرنگی قورئان كەلەتوانای هیچ كەسدا نیەبەو پیتانەكتێبێكی ئاوا بێ وێنەدابنێت، بەرادیەك هەتا ئەگەر هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری كۆببنەوەبۆ ئەو مەبەستەبێگومان ناتوانن، هەروەها چەندەها نهێنی تریشی تێدایە، زاناكان لەهەندێكی دواون، هەندێكیشیان وتوویانە: هەر خوا خۆی زانایەبەنهێنی ئەو پیتانە "-" ئەو قورئانەكتێبێكەهیچ گومانێكی تێدا نیە، "كەلەلایەن خوای پەروەردگارەوەڕەوانەكراوەبەجبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر "صلی اللەعلیەوسلم" كەمایەی ڕێنمووی و سەرچاوەی هیدایەتەبۆ خواناسان و پارێزكاران "كەئەوانەن فەرزەكان جێبەجێ دەكەن و لەحەرام خۆیان دەپارێزن، لەڕووی بیروباوەڕو كردارو گوفتەرەوە"- " ئەوانەی باوەڕ بەنەبینراوەكان دەهێنن "وەك خوا و فریشتەو

ئەوانەی خوا باسی کردوون و ئێمەنایانبینین"، هەروەها نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و لەو ڕزق و ڕۆزییە"حەڵاڵەی"پێمان بەخشیوون، دەبەخشن"-" لەهەمان کاتدا ئەوانەباوەڕ دەهێنن بەو "پەیامەی" کەبۆ تۆ "ئەی محمد" صلی الله علیەوسلم" دابەزێنراوەو بەو پەیامانەش کەبۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ دابەزێنراوە" سەلامی خوایان لێ بێت" دڵنیاش دەبن کەڕۆژی دوایی پێش دێت و قیامەت هەر بەرپا دەبێت"-"ئەوانە لە سەر شا ڕێگەی هیدایەتی پەروەردگاریانن و هەر ئەوانیش سەرفراز و سەرکەوتوو ئەمانەبنەما سەرەکیەکانی ئیمان و ئیسلامن "- "بەڕاستی ئەوانەی کەبێ باوەڕ بوون ئاگاداریان بکەیت یان ئاگاداریان نەکەیت یەکسانەبۆیان، باوەڕ و ئیمان ناهێنن..."- "چونکەخوا مۆری ناوەبەسەر دڵ و گوێیاندا و پەردەی بەسەر چاویاندا هێناوە، "نەبیردەکەنەوە، نەئامادەن حەق ببیستن و ڕاستییەکان نابینن"، هەر بۆیەسزایەکی سەخت چاوەڕێیانە

ئەمانەش دەستەیەکن لەبێ باوەڕان کەهەر خوا خۆی دەیانناسێت")

هیچ پەڕاوێکی تری ئاسمانی ئەم شێوازەی بەکارنەهێناوە ،یاخود بەم شـــێوازە نەنوســـراوە کەزۆر *"ڕوونە"*. تەنـــانەت پەڕاوە ئاسمانیەکانی تـر کە لەلایەن خـوای مەزنەوە دابەزیـوون ئێستا بونیان نیە وەك بنەڕەتی خۆیان "واتە بەوشێوازەی کەدابەزیون" .

قورئـــان ســـەجەم وتەکـــانی خـــوای تۆمـــارکردوە کەلەلایەن"*جوبرائیل*"ەوە هێنراوە بۆ پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* " پێغەمـــبەریش لەبەریکـــردومو ،پاشـــان ڕوونیکـــردۆتەوە بۆهەوەڵەکانی ، ئەوانیش نویسویانەتەوە لەسەردەمی پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم* "

لەوساتەوە تائێستا هـیچ سـوڕەت و ئایەتێـك نەگـۆڕاوە کەواتە "قورئان بەهەموو زانیاریەکانیەوە کتێبێکی بێهاوتاو موعجیزەیە کە "١٤"سـەدە لەمەوبەر دابەزێنـراوە. قورئـان دوانیگـای خـوایە ،کەهەمـوو بابەتێـك لەخـۆی دەگرێـت و مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـات وەك :"پەرسـتن ، زانـایی ، یاسـا، بیروبـاوەڕ "بەڵام بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـریتیە لە "پەیوانـدی نێـوان خـواو دروستکراوەکانی".

لەهەمانکاتدا ، دادوەری کۆمەڵگا ، دادوەری سیستەمی ئابوری و بەڕێوەبەرایەتی مرۆڤ دابین دەکات. قورئان ڕێنوێنی سەرجەم مرۆڤەکان دەکات "مامەڵە لەگەڵ مێشك و ناخ دەکات"

قورئان بۆسەرجەم مرۆڤەیەتی نێردواوە ،بانگەشەی قورئان تەنها بۆبەشێکی دیاریکراونیە لەخەڵك "ناوچە ، هۆز، ڕەنگێک یاخود زمانێک "بەم شێوەیە قورئان بانگهێشتی سەرجەم نەوەکانی "ئادەم" دەکات بۆ قوبوڵکردنی ئیسلام .ئەوانەی کەئیمانیان هێناوە پێیان دەوترێت "ئیمانداران".

مەبەست لەقورئان ڕێنمایی کردنە نەك گێڕانەوەی چیرۆك یان مێژوو، قورئان هانی خوێنەرانی دەدات بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان کە "ئاکاری ڕێنمای ، هەستی ئیمان ، ڕەوشت ، ئامۆژگاری ،هەواڵی دڵخۆش ،وتەی هاندەری تێدایە "بۆئەوانەی کە شوێن ڕاستیدەکەون .

چەندین بەڵگە و مەسەلە خراونەتەڕوو بۆپێشگیری کردنی پەیامەکەی و فێرکردن. هەروەها ئاگاداری ئەوانەش دەکاتەوە کە پشتیان لەڕاستی کردووە.

١-ناکرێت پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " شێت و درۆزن بێت لەیەك کاتدا .

گروپێکــی گەورە لەخەڵــك لەدوای تــاوتوێکردنی چەنــدان توێژینەوە وتیـان "تاکە شتێك کەئێمە لێی دڵنیاین ئەوەیە کە ئەو پیـاوە "محمـد"کەپێی وابـوو پێغەمبەرە ،شێت بـووە". پێیان وابوو کە پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " فێڵی لێکراوە .

لەکۆتایـدا هەمـان گـروپ وتیـان لەبەرئەم"بەڵـگەیە" –"تـاکە شـتێك کە ئـێمە لێـی دڵنیـایین ئەوەئە کە "محمـد"درۆزن بـووە "خوانەکـا" لەسـەرەتادا دەسـتیان پێکـردوو و ڕایانگەیـان کە پێغەمـبەر " صلی الله علیه وسلم " شـێت و نـاتەواوە ، پاشـان وتیـان کە پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " درۆزنە .

هەرگیـز هەسـتیان بەوە نەکـردوە کە کەسێك ناتوانێت شێت و درۆزن بێت لەیەککاتـدا. ئەتوانرێت یەکێکیان بێت یان شێت یان درۆزن ، بەڵام هەرگیز هەردوکیان نا .

ئەگەر كەسێك شێت بێت ،ئەوا ئەوكەسە كەسێكی بێهۆشە ، لەڕاستیدا پێی وایە كە پێغەمبەرە ، زیاتر لەمەش ،پێویستی بەدرۆكردن نیە سەرجەم كارو وتەكانی بەڕێكەوت بوون .

ئەگەر كەسێك درۆزن بێت ، ئەوا بەزۆری ئەوكەسە كەسێكی هۆشدارە وە بەئەنقەست درۆ دەكات بەمەبەستی بەدەست هێنانی سود و قازانج. تەنانەت ئەگەر كەسێكی شێت شتێكی هەڵەش بڵێ ئەوا ناتوانرێت بە درۆكەر بانگی بكرێت چونكە ئەو بۆخۆی لەڕاستی و واقیع ئاگادارنیە . بەم شێوەیە كەسێك ناتوانێت "شێت و درۆزن" بێت لەیەك كاتدا.

٣-ناكرێت پێغەمبەر" *صلى الله علیه وسلم* " فێڵكەر و سەختەكار بێت لەیەك كاتدا.

بەهەمان شێوە گروپێكی تری خەڵك دەڵێن كە پێغەمبەر" *صلى الله علیه وسلم* " فێڵی كردوە ، هەركاتێك كەسێك پرسیاری لێكردبێت ،پێی وابووە كە فریشتەیەك وتەكانی خستۆتە ناوگوێیەوە .

هەمان گروپ بەڵگەیەکی تەواویان کۆکردەوەو ڕوونیانکردەوە کە ئەو کەسێکی ساختەکار بووە.

ئەوکەسانە سەرکەوتوو نەبوون بۆئەوەی هەست بەوەبکەن کەمرۆڤ ناتوانیت هەردوکیان بێت، دە بێت یەکێکیان بێت" فێڵکەریاخود "ساختەکار" یاخود هیچیان .کەسێك کەفێڵی کردووە و پێی وایە کە پێغەمبەرە وە پرسیاری لێبکرێت ،بەدوای وەڵامدا ناگەڕیت یاخود لەکەس ناپرسێت.

لەلایەکی تر ،ساختەکار بەدوای باشترین وەڵامی گونجاودا دەگەڕێت بۆئەوەی ئاشکرا نەبیت کە پێغەمبەرێکی ساختەیە .بەڵام هەستی پێناکەن کە ڕەخنەگرتن لەئیسلام و پێغەمبەر تەنها خۆمندوکردنە .

ئەگەر پرسیاریان لێبکەی کە بنەڕەت و سەرچاوەی قورئان چیە ؟ئەوان وەڵامت دەدەنەوە و دەڵێن ئەوە تەنها لەخەیاڵ و مێشکی پێغەمبەردا بووە .ئەگەر زیاتر پرسیاریان لێبکەی کە چۆن پیاوێك جۆرەها زانیاری دەست دەکەوێت کە لەو سەردەمەدا کەس نەیزانیووە .

ئەوان دەڵێن کەسانی بیانی ئەو زانیاریەیان پێداوە ، وە درۆی کردوە کە پێغەمبەر بێت ، ئەگەر زیاتریش پرسیار بکەی کە چۆن درۆزنێك ئەتوانێت خاوەنی ئەو هەموو باوەڕ بەخۆبونە بێت کەئاماژە بەشتێکی نەزانراو دەکات. پاشان دەڵێن شێت بووە ، بەم شێوەیە بەناوبازنەیاکدا دەخولێنەوە .

لەوەڵامی سەرجەم بەڵگەو ڕەخنەکاندا خوای گەرە وەڵامی ڕەخنەگران دەداتەوە ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ؛

"✤ "أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِهِمْ مِنْ جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ "-"الأعراف ١٨٤:

("باشە، ئەوە ئەو خەڵکە" بیریان نەکردۆتەوەلەگوفتارو ڕەفتاری محمد "صلی الله علیە وسلم "کەئەو هاوەڵەیان هیچ نیشانەیەکی شێتی پێوەنیە، بەڵکو ئەو "بەڕێزە"هیچ شتێك نیەجگەبێدارکەرەوەیەکی ئاشکرا نەبێت").

✤ "مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ "-"القلم :٢"

("ئەی پێغەمبەر" صلی اللەعلیەوسلم" تۆ بەهۆی نازو نیعمەتی پەروەردگارتەوەدووریت لەشێتی یەوەوەکو نەفامن دەڵێن").

❖ "وَمَا صَاحِبُكُمْ بِمَجْنُونٍ "-"التکویر:٢٢"

("دڵنیابن کەهاورێکەتان محمد "صلی اللەعلیەوسلم" شێت نیەو لەکەماڵی"ژیریدایە").

٤- پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*" بەدەست ئارەزووی زۆر حەز لەدرۆ بوون دەناڵێنێت.

گروپێکی تر لەخەڵك هاتن وتیان پێغەمبەر" *صلی الله علیه وسلم*"-" بەدەست ئارەزووی زۆر حەز لەدرۆ بوون ناڵاندویەتی" ئەمە ناتەواوی دەرونیە ئەگەر کەسێك درۆ بکات و پاشان باوەڕ بەدرۆکانی بکات.

قورئان لەبارەی ڕاستی و حەقیقەت دەدوێت ئەوشتانەی کەتۆ ئەتوانی بۆیان بچی و سەیریان کەی و بیان بینی ئەواڕاستن ، واتە ئەوشتانەن کەئەتوانی ڕاستیان بکەیتەوە .

كەسی جەزلەدرۆكەر ناتوانێت ئەمە بكات ، ڕاستی و حەقیقەت كێشەیەكن بۆئەو

لەبەرئەوە دەروونناسەكان مامەڵە لەگەڵ ئەوكەسانە دەكەن كە هەڵگری ئەم نەخۆشیەن بەبەكارهێنانی *"ڕاستیاكان"*. ئەگەر كەسێك لەدەروندا نەخۆش بێت و بڵێت "من پاشای ئینگلتەرام"، دەروونناس بەئەو ناڵێت تۆشێتیت ،بەڵكو مامەڵەی لەگەڵ دەكات بە ڕاستیەكان بەم شێوەیە :" تۆ دەڵێیت من پاشای ئینگلتەرام" بۆیە پێمان بڵێ شاژنەكەت لەكوێیە؟ ،لێرەدا"درۆكەر" هەوڵدەدات پاساو بهێنێتەوە دەڵێت" شاژن چوەتە ماڵی دایكی" ئەی سەرۆك وەزیرانت لەكوێیە؟ مردووە؟ ئەی پاسەوانەكانت لەكوێن؟ "درۆكەر" لەبەرئەوەی ناتوانێت ڕووبەڕووی ڕاستیەكان ببێتەوە لەكۆیایدا دەڵێت؛" پێم وایە كەمن پاشانیم"

بەهەمان شێوە :قورئان هانی خوێنەرانی دەدات بۆئەوەی ڕووبەڕووی ڕاستی ببنەوە ،بەم شێوەیەش ڕاستیان دەكاتەوە لەهەڵە .

بەم شێوەیە قورئان پاڵتپێوەدەنێت بۆئەوەی ڕاستی ببینی و هەڵەكان ڕاستبكەیتەوە .

٥-زانیاری نەزانراو لەقورئاندا .

قورئـــــان ڕێگەیەکـــــی بێهــــاوتەیە کە خوێنەرەکــــــانی ئاگاداردەکاتەوە ،"ئایە پێشتر ئەمەت دەزانی"هیچ پەڕاوێکی تری ئاسمانی ئەم شێوازە بێهاوتایەی نیە.

نوسراو پەڕاویی کۆن هەن کە زانیاری زۆریـان تێدایە ، بەڵام پێت دەڵـێن کەزانیـاریەکە لەکـوێ هـاتوە .لەلایەکـی تـر قورئـان دەفەرموێت ؛

"تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ ـمَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَٰذَا ـفَاصْبِرْ ـإِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ "-"هود :٤٩"

("ئەی محمد "صلی اللەعلیەوسلم" ئەو باسانەی بۆمان کردیت لەهەواڵەنادیارەکانەکەبۆت دەنێرین، نەتۆ دەتزانی و نەهۆز و نەتەوەکەشت پێش ئەم باسەی ئێمە، جا خۆگرو بەئارام بە، چونکەبەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزکارانە").

"نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ وَإِنْ كُنتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ"-" یوسف :٣"

("ئێمـــەچـــاکترین و جـــوانترین چیـــرۆك و بـــەســـەرهاتـــت بـــۆ دەگێرینـــەوە ئـــەی محمـــد" صـــلی اللـــەعلیـــەوســـلم" بـــەهـــۆی ئـــەم قورئانەی کەنیگامان کرد بۆ لای تۆ، لەکاتێکدا بێگومان تۆ لەپێش ئەم قورئانەدا لەم بەسەرهاتەبێ ئاگا بوویت").

ئەگەر پێغەمـــبەر " *صلی الله علیه وسلم* " نەزان بوویێـــت و ئەوانـــی تـــریش زانـــا بـــوون ، ئەمە مەترســـی هەبـــوو کەبەم شـێوە دلێـرانە قـــسەیان بۆبکا،بەرەنگـــار بـــوونەوی نەیـــاران کەنەزان بـــوون لەویـــارەیەوە ، لەگەڵ ئەوەشـــدا، هـــیچ کەس بەرەنگـــاری ئەم ئایەتانەی نەکردووە .

٦- قورئان هەڵخەڵەتاندنە .

لەوانەی کە ناتوانن بەرپەرچی قورئـان بـدەنەوە کـە قورئـان پەڕاوی ئاسمانیە و دابەزێنراوی خوایە، بەخۆ بەبیردۆزێکی گەشاوە هاتن وتیان"قورئـان هەڵخەڵەتانـدنە" ئـەگەر قورئـان"هەڵخەڵەتانـدنە" ئـەوا بنچینەکەی چیە ؟ فێلـی چیمـان لێدەکات ؟ یـاخود درۆکـانی هەڵخەڵەتاندن لەکوێن؟ بەلام هیچیان هیچ هەڵخەڵەتاندنێکیان نەدۆزیوەتەوە ، لەبەرئەوەی هیچ هەڵخەڵەتاندنێکی تێدانیە .

١- ئێمە بڕیاری هەڵەدەدەین و خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین بەمە .

هەندێ کەس بڕیار دەدات بەبێ بوونی هۆکار یاخود بیرکردنەوە بۆنموونە ، "من پێم وایە ئەو پیاوە دوژمنی منە" بەڵام من هیچ بەڵگە و هۆکارێکم نیە بۆسەلماندنی باوەڕەکەم ئەو ساتەی کەئەو دەبینم ، مامەڵەی لەگەڵ دەکەم وەك دوژمن ، پاشان بە خۆم دەڵێم. ئەها ڕاست بووم، سەیر کە ، وەك دوژمن مامەڵەم لەگەڵ دەکات ، ئەمە "جۆرێکە لە خۆهەڵخەڵەتاندن" لەسەرەتادا خاوەنی بیرو باوەڕێکی هەڵەبووم ، واشم لەخۆم کرد باوەڕ بەشتێکی هەڵە بکەم وە واشم لەخۆم کرد کەبیرو باوەڕە هەڵەکەم ڕاستە.

بەکورتی؛ ئێمە بڕیاری هەڵە دەدەین و خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین بەهۆی تەرکیز کردن و بیرکردنەوە لێیان.

ب- بەئەقل نیگا کۆتایی هاتووە ؛

بەپێی قورئان نیگا کۆتای هاتووە ، قورئان دەڵێت ئەمە نیگای خوایە ، هێندەی ئەو گفتۆگۆ راستەقینەیەی کە ئێوە لەنێوان خۆتاندا دەی کەن ،ئەگەر نیگا لە ئەقل ولۆژیك بەرزتربێت ، ئایە ئێمە چۆن بریار دەدەین کەکام لەو کتێبانەی کەبانگەشەی نیگایەتی دەکەن کامەیان ڕاستە و کامەیان هەڵەیە . ئیمام غەزالی دەفەرموێت ؛ "باوەڕو عەقڵ هەردوکیان لەلایەن خواوەن و هیچ ناکۆکیەکیان لەنێواندانیە ".

٧- قورئان هانی گفتوگۆ دەدات .

زۆرێك لە موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە قورئان هانی هیچ گفتوگۆیەك نادات ، بەم شێوەیە دورەپەرێز دەبێت لەهەموو گفتوگۆیەك ،سەبارەت بەقورئان و ئیسلام.

لەگەڵ ئەوەشدا قورئان هانی گفتوگۆو لێدوان دەدات؛-

"ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ "-"النحل :١٢٥"

("ئەی پێغەمبەر "صلی اللەعلیەوسلم"، ئەی ئیماندار بانگەواز بکەبۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی "بۆ هەندێك" و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، "بۆ هەندێکی تر"و گفتو گۆو موجادەلەبەجوانترین شێوە"لەگەڵ هەندێکی تردا بەتایبەتی خاوەن کتێبەکان"، چونکەبەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایە، کەکێ گومڕایە، هەروەها هەر خۆیشی زانایەبەهیدایەت و وەرگران").

بۆئەو پرسیارە گوماناویانەی کە مرۆڤەکان دەتوانن بیری لێکەنەوە لەنیگادا بۆ بانگەشەو فێرکردن ، وەڵامی ئەم پرسیارانە لەقورئاندا دراوەتەوە ، وشەی عەرەبی *"قالوا"* کەبەواتای "ئەوان دەڵێن" "٣٣٢"و وشەی *"قل"* کەبەواتای "بڵێ" دێت بەهەمان شێوە "٣٣٢" لەقورئاندا هەتوە .

٨- نەهێشتنی بژاردەکان

قورئان دەڵێت ئەم نیگایە لەلایەن بەدیهێنەری سەرجەم شتەکانە، ئەگەر بۆهەندێك هۆکار باوەڕت پێی نیە ، پاشان ئەوانە چین ؟ پێویستە ڕونکردنەوە بدەیت، ئەمە قەڵەم و مەرەکە ، ئەمانە لەکوێوە هاتون؟ قورئان دەڵێت ئەمە نیگایە. ئەگەر نا سەرچاوە بنەڕەتیەکەی لەکوێیە؟ لە کوێوە هاتووە؟ هەروەلامێك کەدرابێتەوە بۆئەم پرسیارە هەتا قورئان دابەزیوە بەرپەرچی دراوەتەوە ، لەوانەیە هەندێك کەس بڵێت کە پێغەمبەر " *صلى الله عليه وسلم* "دانەری قورئانە."جابە مەبەستی بەدەست هێنانی ماددە بوبێت ، شکۆ ، هێز، یەکخستنی عەرەبەکان یان بۆ چاکسازی ڕەوشتی "بوبێت .سەرجەم ئەمانە مەبەستی خۆیان نەپێکا.

لەوانەیە هەندێك بڵێن کە پێغەمبەر" *صلى الله عليه وسلم* " قورئانی لەسەرچاوەکانی تر وەرگرتووە .لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێکی تر بڵێن ئەو کەسێکی درۆزن و شێتە ،سەرجەم ئەم

بیرۆکـــانە بەبــێ ڕونکـــردنەوەی لـــۆژیکی. قورئـــان وەڵامـــی ئەوەدەداتەوە کە نیگا لەلایەن خواوەیە .

"تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ "-"الجاثية :٢" ❖

"ئەم قورئانەلەلایەن خوای باڵادەست و داناوە، هاتووەتەخوارەوە")

.(❖ قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَىٰ قُلْ لَا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ "-"الأنعام :١٩"

("ئەی پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم" بەوانەبڵێ کەشایەتیان دەوێـت لـەسـەر پێغـەمبـەرایـەتـی تـۆ) چ شـتێك گـەورەتـرو ڕاسـتترەلـەشـایەتیـدا؟! هـەر خـۆت بڵـێ: اللـەڕاسـترین شـایەتـە، کەشـایەتی نێـوان مـن و ئێـوەیە، مـن ئـەم قورئانـەشـم بـەوەحـی و نیگا بۆ هاتووەتا ئێوەو هەموو ئەوانەی پێیان گەیشتووەئاگادارو بێدار بکەم، "لەگەڵ ئەم هەموو ڕوون کردنەوانەدا" ئایا ئێوەئیتر شایەتی دەدەن کەبەڕاستی لەگەڵ خوادا چەند خوایەکی تر هەبێت؟! بڵێ: "من بەش بەحاڵی خۆم" شایەتی ناحەق و ناڕەوای وا نادەم و بڵـێ: بـەڕاسـتی ئـەو خوایـەزاتێکـی تـاك و تـەنهایـەو مـن

بەڕاستی بەریم لەهەمووئەو شتانەی کەئێوەدەیانکەنەهاوەڵ و هاوتای ئەو زاتە")

"وَأَنْ أَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَاتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ "-"الأنعام :٧٢" ❖

("هەروەها "فەرمانمان پێدراوە" نوێژو دروشمەکانی بەچاکی ئەنجام بدەن و لەخەشم و قینی خوا خۆتان بپارێزن، ئەو پەروەردگارەئەوەیەکەهەر بۆ لای ئەو کۆ دەکرێینەوە").

"إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ "-"يوسف :٢"

("بەڕاستی ئێمەئەم ئایەتانەمان دابەزاندووەلەشێوەی قورئانێکی پاراودا بەزمانی عەرەبی بۆ ئەوەی ئێوەلێی تێبگەن و ژیریتان بخەنەکار").

"وَكَذَٰلِكَ أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا "-"طه :١١٣"

("ئا بەو شێوەیەئێمەقورئانێکی عەرەبی و پاراو و ڕەوانمان دابەزاندووەو جۆرەها هەڕەشەشمان تیادا باس کردووە، بۆ ئەوەی

لەخوا بترسن و یاخود ببێتەهۆی ئەوەی کەیاداومریان تێدا بەدی بهێنێت").

"وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى الْقُرْآنَ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ "-"النمل :٦"

("ئەی محمد "صلی-اللهعلیهوسلم" بەڕاستی تۆ لەلایەن زاتێکی داناو زاناوەقورئان فێر دەکرێیت و پێت دەردرێت").

"تَنْزِيلُ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ "-" أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ ۚ بَلْ هُوَ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ لِتُنْذِرَ قَوْمًا مَا أَتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ "-"السجدة : ٢-٣"

"دابەزاندنی ئەم قورئانەلەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوەهیچ گومانی تێدانیە:

ئایا خوانەناسان دەڵێن: "محمد صلی اللهعلیهوسلم" ئەم قورئانەی هەڵبەستووە؟ نەخێر وانی یە، بەڵکو قورئان حەق و ڕاستەو لەلایەن پەروەردگارتەوەنێردراوە، بۆ ئەوەی قەوم و هۆزێك بێدار بکەیتەوەکەپێش تۆ بێدارخەرەوەیەکیان بۆ نەهاتووە، تارێگەی هیدایەت و ئیمان بگرنەبەر").

"وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ"-" إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ "-"يس :٢-٣"(

("سوێند بەو قورئانەی كەهەموو فەرمانێكی لەشوێنی خۆیایەتی

بەڕاستی تۆ ئەی محمد (صلی اللەعلیەوسلم) لەفرستادەو پێغەمبەرانیت")

"تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ "-"الزمر :١"

"هاتنەخوارەوەی ئەم قورئانەلەلایەن خوای بالآدەست و داناوەیە").(

"تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ "-"غافر :٢"

("هاتنەخوارەوەی ئەم قورئانەلەلایەن خوای بالآدەست و شارەزا و زاناوەیە").

"تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ "-"الجاثية :٢"

"ئەم قورئانەلەلایەن خوای بالآدەست و داناوە، هاتووەتەخوارەوە").(

"الرَّحْمَنُ "-" عَلَّمَ الْقُرْآنَ "_"الرحمن :٢"

"خوای میهرەبان، كانگای سۆزو ڕەحمەت "-"(

قورئـانی فێـری ئـادەمیـزاد كـردووە" فێربـوون و زانینـی قورئـان و تێگـەیـشتن لـەفـەرمـوودەی خـوای میهـرەبـان پیرۆزتـرین نـازو نیعمەتەكەئیماندار لێی بەهرەومر ببێت لەم تەمەنەكورتەی ژیانی دنیادا

"إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ "-" فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ "-" لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ "-" تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ "الواقعة :٨٠"

("بـەڕاسـتی ئـەوەی كـەمحمـد "صـلی اللـه علیـەوسـلم" دەیخوێنێتـەوەقورئانێكـەزۆر پیـرۆزو بـەڕێـزە"-" لـەكتێبێكـی شـاراوەدا كـە"لـوح المحفـوظ "، پارێزراوە، "هـەروەهـا نسخـەكـانی سـەر زەویشی پـارێزراوەو پارێزراو دەبێت هـەتا دنیا دنیایە"-" تـەنها پاكـان نـەبێت كـەس دەسـتی لـێ نـادات "-" ئـەم قورئانـەلـەلایـەن پەروەردگاری جیهانیانەوەنێردراوەتەخوارەوە")

"إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنْزِيلًا "-"الانسان :٢٣"

("دڵنیاش بەئەی" محمد صلی اللەعلیەوسلم" هەر ئێمەقورئانمان بۆ تۆ دابەزاندووەبەش بەش تا خەڵكی پێ بێدار بكەیتەوە"

بەشی حەوتەم

١- تاقیكردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراو :-

كۆمەڵگای زانستی پشت بەم بیروبۆچونە دەبەستێت ،زۆرێك لەخەڵك پەیدادەبن لەگەڵ بیردۆزێكی نوێ، كۆمەڵگەی زانستیش بێزار نابێت بە گوێگرتن لێیان، زاناكان هۆكارێكیان هەیە بۆكردنی ئەمە وە دەڵێن"ئەگەر تیۆرێكت هەیە ،بێزارم مەكە بەهۆی تیۆرەكەت،مەگەر لەگەڵ بیردۆزەكەت دێت كە دەی سەلمێنن كە خۆت و بیردۆزەكەت دورن لەهەڵە" ئەمە پێی ئەوترێت"تاقییكردنەوە پێچەوانە سەلمێنراو".

ئەمەش وایكرد كەسەرنجی بیردۆزەكەی *"ئەلبێرت ئینستن"* بدەن، بەخۆ بەبریدۆزێك هات و وتی من پێم وایە جیهان بەم شێوەیە كاردەكات، وەئەم سێ ڕێگایانە دەی سەلمێنن كەمن هەڵەم . زاناكان كاریان لەسەر ببیردۆزەكەی كرد بەمە بەستی تاقیكردنەوە.

ماوەی شەش ساڵی بەسەردا تێپەری لەئەنجامدا سەلمێنرا کەئەو کەسێکی گەورەیە بەڵام ئەوە سەلمێنرا کەئە و شیاوی ئەوەیە سەرنجی بدرێت تەنها لەبەر"تاقی کردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراو".

قورئان پێشنیار بۆ خوێنەرانی دەکات، بۆ چەندین " تاقی کردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراو"مەبەست لەهەندێکیان رابردوو بووە و هەندێکی تریشیان بۆهەموو کاتەکانی تر .قورئان دەڵێت '؛ ئەگەر هەرشتێك لەسەر ئەو بینچینەیە نەبوو کە بانگەشەی بۆدەکات ،پاشان هەمووتان پێویستە شتێك بکەن بۆسەلماندنی کە قورئان هەڵەیە .

ئەم "تاقیکردنەوە" بێ هاوتایە لە هیچ ئاینێکی تردا بوونی نەبووە ، ئەگەر گفتوگۆت لەگەڵ هەر کەسێکی تردا کرد، پرسیاری لێبکە ،ئایە هیچ شتێك لەئاینەکەتدا هەیە رێگەت بدات بەرگری لێبکەی ، ئە گەر توانیم ئەمە یان ئەوە بکەم ئەوا ئەی سەلمێنم کەئاینەکەت هەڵەیە.

گومانم هه‌یه هه‌ردینێكی تر خاوه‌نی ئه‌م جۆره تاقیكردنه‌وه‌یه بێت بۆ پێشنیاركردن.

مرۆڤ نابێت ته‌نها ئیمانه‌كه‌ی خۆی نیشان بدات ،به‌ڵكو ئه‌بێت ، هه‌لیش بداته كاسانی تر بۆئه‌وه‌ی بیسه‌لمێنین كه باوه‌ڕه‌كه‌ی هه‌ڵه‌یه. قورئــان چه‌نـدین هه‌ل ده‌دات بـۆئه‌وه‌ی بـسه‌لمێنرێت كه هه‌ڵه‌یه ،هه‌نـدێك له‌م تـاقیكردنه‌وانه پێـشنیاركراون له‌قورئانـدا بۆنمونه :-

١- چیرۆكی ئه‌بوله‌هه‌ب.

پێغه‌مـــبه‌ر " *صلی الله علیه وسلم* " مـــامێكی هه‌بـــوو نـــاوی "ئه‌بوله‌هه‌ب"بوو كه‌به‌واتای" *باوكی بڵێسه* "دێت، ئه‌م مامه‌ی پێغه‌مبه‌ر یه‌كێـك بـوو له به‌هێزتـرین دوژمنه‌كـانی پێغه‌مـبه‌ر و ئیسلام. هه‌میـــشه دوای پێغه‌مـــبه‌ر ده‌كه‌وت هه‌ركاتێـــك بینیبـــای كه پێغه‌مبه‌ر " *صلی الله علیه وسلم* "قسه بۆڕێبوارێـك ده‌كـات چاوه‌ڕێی ده‌كـرد هه‌تـا ته‌واو ده‌بـوو و لێكجیـاده‌بوونه‌وه، پاشـان پرسـیاری له‌ڕێبواره‌كه ده‌كرد " محمد" چی به‌تۆ وت؟ ئایه وتی ڕه‌ش ؟ ئه‌مه

سپیە، ئایە وتی بەیانیە ؟ ئەوە شەوە ،لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو كەهەر شتێك بڵێت دژی وتەكانی پێغەمبەر بێت.

خواله قورئاندا دەفەرموێت :

"تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ - مَا أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ - سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ- وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ - فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ"

دەستەكانی بشكێت ئەبو لەهەبو ڕسوا بێت، ئاشكرایەكەهەر ڕاسوایش دەبێت و ("لەناو دەچێت- ماڵ و دارای و ئەو شتانەی كەبەدەستی هێناوە، فریای نەكەوت - لەئایندەدا دەخرێتەناو ئاگرێكی بلێسەدارەوەهەمیشەگوریسێكی چنراو لەپوشی خورما لەگەردنیایەتی (لەقیامەتیش دا زنجیری ئاسن دەكرێتەگەردنی")

ئەم سوڕەتە ئەوە ڕوندەكاتەوە كە ئەبولەهەب و خێزانەكەی دەمرن و لەناودەچن ، وە هەرگیز نابن بەموسوڵمان و دەچنەناو ئاگری دۆزەخەوە .

ئەم سورەتە "١٠"ساڵ پێش مردنی ئەبولەهەب دابەزیووە ، هەروەها بەبێ ئیمانی لەجەنگی بەدردا مردووە ، لەماوەی ئەم دەساڵەدا چەندان کەس و هاوڕێی ئەبولەهەب هاتنە ناوئیسلامەوە، ئەبولەهەب زۆر زیرەك بوو وەیەکێك بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلام، هەردەم بەپەرۆش بوو بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە قورئان هەڵەیە و هی مرۆڤە.

سەرجەم ئەوکارانەی کە ئەبولەهەب کردنی بۆبەدرۆخستنەوەی ئیسلام و ئەم سورەتە تەنها ئەوەبوو کە جارێك لەجاران لەماوەی ئەم دەساڵەدا بڵێت *"من موسوڵمانم"* خۆئەگەر بەدرۆش وتبای هەر بەناو ئەوا ئەو کاتە دەسەلمێنرا کەقورئان هەڵەیە .بەڵام نەك هەربەڕاستی بەڵکو بەهەڵەش وەك موسوڵمان ڕەفتاری نەکردووە. پێغەمبەر " *صلی الله علیه وسلم* "بە ئەبولەهەبی دەگوت تۆڕقت لەمنە . ئەتەوێت کۆتایم پێ بهێنی، وەرە ئەم وشانە بڵێ "من موسوڵمانم" وەرە دەریان ببڕە ، ئەبولەهەب "١٠"لەبەردەستدا بوو بۆبیرکردنەوە لەم باسە.بەڵام هەرگیز ئەم قسانەی دەرنەبڕی.هیچ کەسێکی ناژیر ئەمە ناخاتە ناو قورئانەوە، قورئان دەبەزێنراوی خوایە و نوسراوی دەستی پێغەمبەر نیە.

ب- جولەکەکان بەدوای مردندا ناگەڕێن.

قُلْ إِنْ كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الْآخِرَةُ عِنْدَ اللَّهِ خَالِصَةً مِنْ دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ "-" وَلَنْ يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ "-"البقرة٩٤-٩٥

("ئەی محمد "صلی اللە علیەوسلم" پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕتان وایەکەماڵی ئەو دنیا "بەهەشت" لای خوا تایبەتمەندەبەئێوەنەك خەڵکی تر، دەئاواتی مردن بخوازن ئەگەر ڕاست دەکەن "تا زوو بچنەناو بەهەشت!!"-"

بەڵام ئەوانەهەرگیز بەهۆی ڕەفتاری نادروست و دەست پێشخەری ناپەسەندیانەوەئاواتی مەرگ ناخوازن، خوایش چاك ئاگادارەلەحاڵی ستەمکاران").

کاتێك جولەکەکان هاتنە لای موسوڵمانان بۆئەوەی بەرەنگاریان بکەن و وتیان"دواین ماڵی خوا" واتە "بەهەشت" واتە بەهەشت تەنها بۆجەلەکەکانە نەك بۆکەسانی تر. قورئان تکا لەجولەکەکان دەکات بۆئەوەی داوای مردن بکەن ، ئەگەر ئەوان دڵسۆز و ڕاستگۆن .قورئان بەردوامەو دەفەرموێت "ئەوان هەرگیز داوای مردن ناکەن" لەبەر ئەوتاوانەی کەکردویانە .

تاکە شتێك کەجولەکەکا دەیان توانی لەسەردەمی پێغەمبەردا بیکەن بەمەبەستی بەدرۆخستنەوەی قورئان ئەوەبوو کەداوای **"مردن"** بکەن تەنانەت ئەگەر یەکێك لەجولەکەکان وتبای "من داوای مردن دەکەم" تەنها هەربە دەم نەك بەدڵ ئەوا ئەوکاتە دەسەلمێنرا کەقورئان هەڵەیە.زۆرئاسان بوو کە بسەلمێنرێت کە قورئان هەڵەیە .

خواش لەقورئاندا دەفەرموێت:-

"وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَىٰ حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَنْ يُعَمَّرَ ۗ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ "- "البقرة :٩٦"

("سوێند بێت ئەو جوولەکانەدەبینیت کەلەهەموو خەڵك بەپەرۆشترن لەسەر دنیاو ژیانی دنیا بەهەر جۆرێك بێت، هەتا بگرەلەهاوەڵپەرست و موشریکەکانیش، هەریەك لەوانەئاوات دەخوازێت کە: هەزار ساڵ تەمەنی ببێت، هەر چەندوونەبێت تەمەنی درێژیان لەسزا رزگاریان بکات، خوایش زۆر بینایەبەو کردەوانەی کەئەنجامی دەدەن").

ج- مەسیحیەکان نزیکترن لەموسوڵمان زیاتر لە جولەکەکان.

لەقورئاندا چەندین"تاقیکردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراو"هەنە.کەبۆ ئەمڕۆ و سەرجەمکاتەکان گونجاون ، قورئان دەفەرموێت :-

"لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ "-"المائدة :٨٢"

("سوێند بەخوا دەبینیت و دەستت دەکەوێت سەر سەخترینی خەڵك لەدوژمنایەتیدا بەرامبەر بەوانەی کەباوەڕیان هێناوە، جولەکەن و ئەوانەی کەهاوەڵیان بۆ خوا داناوەو سوێند بێت دەبینیت و دەستت دەکەوێت نزیکترینیان لەسۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوەئەوانەن کەدەیانوت: بەڕاستی ئێمەنەصرانین، ئەوەش لەبەر ئەوەیەبەڕاستی هەندێك لەوان قەشەی دیندارن و هەندێکیشیان گۆشەگیرو کەسانی خواپەرستن و بێگومان ئەوان خۆ بەگەورەدانانێن").

قورئـــان دەفەرمویــت لەنێــوان دووگروپــی خەڵکــدا"مەســیحی وجــولەکە"کانــدا بەگــشتی مەســیحیەکان مــامەڵە لەگەڵ موسوڵمانان دەکەن باشتر لە جولەکەکــان ،چەندەها جولەکە هەنە کە باوەڕیــان بە ئیسلام هێنــاوە ،لە کاتێکــدا هەنــدێکی تریــان باشــن لەگەڵ موســوڵمانان ،بەڵام بەشــێوەیەکی گــشتی وەکـــو" کـــۆمەڵگەی جـــولەکە" لەڕوی مـــامەڵەکردنەوە مەسیحیەکان باشترن لە جولە کەکان.

ئەمــڕۆ جولەکەکــان هەلێکــی باشــیان هەیە کە بڵــێن قورئــان هەڵەیە ، ئەگەر ئەوان بۆمــاوەی دوو ســاڵ خۆیــان یەکــبخەن و مــامەڵە یەکــی بــاش لەگەڵ موســوڵمانەکان بــکەن باشــتر لە مەســیحەکان. پاشــان بڵــێن "ئەهــا ئــێمە زیــاترلە مەســیحیەکان میهرەبانترین لەگەڵ ئێوە" یاخود کێ لەجیهاندا باشتر مامەڵە لەگەڵ موســوڵمانەکان دەکــات ؟ ئــێمە یــان مەســیحیەکان؟ جولەکەکــان هێــشتا ئەمەیــان نەوتــوە ، بەڵام هێــشتا ئەتــوانن بیــسەلمێنن کە قورئــان هەڵەیە ئەگەر مامەڵەکانیــان بگــۆڕن ، بەڵام هەرگیز نایگۆڕن.

٢ - ئایەتێك لەوشێوەیە بهێنن.

ئیماندار و بێئیمان هاوڕان کە باشترین ئەدەبی عەرەبی لەسەر زەوی بوونی هەبێت بریتیە لە قورئانی پیرۆز .کە زمانەکەی سەرنجڕاکێش ، دەوڵەمەند و ڕەوانبێژە.

کاتێك بت پەرستەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ***"محمد"*** ساختەی کردووە و قورئانی داهێناوە ڕاستەوخۆ قورئان بەرەنگاریان بویەوەو پێشنیاری کردن بە "تاقی کردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراو"

"قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا "-"الإسراء :٨٨"

("ئەی محمد صلی اللەعلیەوسلم پێیان بڵێ: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو ئادەمیزادو پەریەکان کۆ ببنەوەو "هەوڵی بەردەوام بدەن تا" قورئانێکی وەکو ئەمەدانێن و بیهێننە"مەیدان" ناتوانن کاری وابکەن و ناتوانن لەوێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنەپشتگیرو یارمەتیدەری یەکتر").

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُۖ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ "-"هود :١٣"

("بەڵكو "لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا"ئەوانەدەڵێن كەمحمد قورئانی هەڵبەستووە، پێیان بڵێ: جا ئێوەش دەسوورەتی هەڵباستراو وێنەی ئەم قورئانەبهێنن، هەر كەسیش لەخوا گەورەبەدەر، دەتوانن، بانگ بكەن "بۆ هاوكاریتان پەنای بۆ بەرن" ئەگەر ڕاست دەكەن").

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُۖ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ "-"يونس :٣٨"

("بەڵكو "لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا" ئەوانە دەڵێن كەمحمد "صلی اللەعلیەوسلم" قورئانی هەڵبەستووە، بڵێ: دەئێوەش سوورەتێك وەك سوورەتەكانی دابڕێژن و بیهێنن، داوا بكەن لەهەر كەسێكی تر كەدەتوانن جگە لەخوا "كەیارمەتیتان بدات" درێغی مەكەن ئەگەر ڕاستگۆن").

۳- بنەماکان بۆ هێنانی ئایەتێك.

ئەوبنەمایانەی کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆهێنانی ئایەتێك وەکو قورئان ئەمانەن:-

❖ قورئان خاوەنی ئاستێکی بەرزە .

❖ زمانی قورئان زمانێکی"خاوێن ، واتادار،ڕوون ،بێئەندازەو ناوازەیە.

❖ قورئان لەبەردەم ڕاستی ڕاناکات و ڕەوانبێژ ،سەرواو شێوەی خۆی هەیە ،پێچەوانەی ئەدەب وشیعری مرۆیی.

❖ زۆرجار قورئان زانیاریەك دوبارەدەکاتەوە بەڵام بەشێوەیەکی جیاوەز.

❖ قورئان بەکەمترین وشە واتایەکی مەزن دەبەخشێت.

بت پەرستەکان نەیان توانی کارێکی ئەوتۆ بکەن و بیسلمێنن کە پێغمبەر " *صلی الله علیه وسلم* "قورئانی بەدیهێناوە .لەکۆتایدا . قورئان تاقیکردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراوی "خستە کار.

وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ "-"البقرة :٢٣"

("جا ئەگەر ئێوەلەدوو دڵیدان و گومانتان لەم "قورئانەپیرۆزە" هەیەکەدامانبەزاندووەبۆ بەندەی خۆمان محمد "صلی اللەعلیەوسلم" ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سوورەتێکی وەك ئەو بهێنن، هاوپەیمان و هاوکارەکانیشتان جگەلەخوا "بۆ ئەو مەبەستە" بانگ بکەن ئەگەر ئێوەڕاست دەکەن").

"فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ "-"البقرة :٢٤"

("خۆ ئەگەر نەتانتوانی و هەرگیز نایشتوانن "کەواتەباوەڕبهێنن و" خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی: سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، کەبۆ بێ باوەڕ و خوانەناسان ئامادەکراوە").

سورەتێکی قورئان کەتەنها سێ خەتە و کەمترین وشەی لەخۆی گرتووە ، نەیان توانی شتێکی ئەوتۆ بهێنن و بەردوە وامبن لەم بەرەنگاریە، باشترین شاعیرەکانی ئەوسەردەمە باشترین هەوڵیاندا بەڵام بەخراپی کەوتن لەم کارە، هەندێك لەوشتانەی کەدایان هێناوە پارێزراون لە شوێنەمێژوییەکان بۆئەوەی نیشان بدرێن کەچەندە "گاڵتەجارن" ئەمانە سەروایان نەبوو وەکو قورئان ، ناومرۆکەکەیان بێ مانابوو وە هیچ زیرەکی و شادومانیان تێدابەدی نەدەکرا.

ئەمە هەتا ئێستا بەرەنگاربونەوەیەکی سەرتاسەریە ، بۆماوەی "١٤٠٠" نەکراوە و ناشکرێت قورئان دەفەرموێت:-

"أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا
"-"النساء :٨٢"

("ئەوەبۆ ئەوانەسەرنجی قورئان نادەن و لێکی نادەنەوەو لێی وردنابنەوە؟ خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکی ترەوەبوایەجگەلەخوا بێگومان جیاوازی و دژایەتیەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە").

قورئان هیچ دژێتی و ناکۆکی تیدانیە .ئەگەر هەرکەسێك ئەیەوێت بیسەلمێنێت کە قورئان وتەی خوانیە ، ئەوا با تەنها ئایەتێك لەقورئاندا بهێنێت کە ناکۆکی و دژیەتی تێدابێت. زۆرێك لە بێباوەڕان هەوڵیان دا بۆنەوەی شتێکی لەم جۆرە لەقورئاندا بدۆزنەوە بەڵام سەرجەم هەوڵەکانیان بێ ناوەڕۆك و هەڵەتێگەیشتن بوون .

"الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ۚ الرَّحْمَٰنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا "-"الفرقان :٥٩"

("ئەو زاتەی کەئاسمانەکان و زەوی و هەرچی وا لەنێوانیاندایە لەماوەی شەش ڕۆژدا دروستی کردووە، لەوەدوا لەسەر عەرش وتەختی فەرمانڕەوایی وەستاوەخوا پەروەردگارێکی میهرەبانە، جا بۆ تێگەیشتن لەوردەکاری و گرنگی بەدیهێنراوەکانی لەجیهانی ئەستێرەکان و کۆمەڵەی خۆر و ئادەمیزاد و گیانلەبەران و ڕووەك و ...هتد) لەکەسێکی ئاگاو زانا بپرسە")!!

بەهەمـــان شـــێوە، ئەگەر بتەوێـــت پرســـیاری زانـــستی بکەیـــت کەلەقورئانـدا باسـکراوە ئەوا پێویـستە پرسـیار لە "زانـا"بکەیـت. لەلایەکـی تـر ، ئەگەر پرسـیارم لێبکەی سەبارەت بە چۆنیەتی خوێنـدنەوەی قورئـان یـاخود هەڵەی ڕێزمـانی لەوانەیە مـن نەتوانم وەڵامت دەمەوە ،چونکە من تەنها تەلەبەیەکم لە فێربونی زمانی عەرەبیدا.لەبەرئەوە تائێستا نەسەلمێنراوە کە قورئـان وتەی خوانیە ، قورئانیش دەفەرموێت "لەکەسێکی زانا بپرسە"

بۆیە پێویستە پرسیارلە "قارء" بکەی کەشارەزایە لە خوێندنەوەی قورئان و ڕێزمانی عەرەبی ،ئەگەرپرسیاری زانستی بکەی لەوانەیە مـن باشـتر وەڵامـت بـدەمەوە چـونکە مـن تیایـدا پـسپۆڕم ، لەبەرئەوەی زیـاتر لە "٥" سـاڵ خوێنـدومە بەمەبەسـتی بەدەسـت هێنانی "*بەکالۆریۆس لە پزیشک-نەشتەرگەری زگورتە*"*MBBS* پلەی "

بەشی هەشتەم

أ- چەمکی بونی خوا لەقورئاندا.

ا- هەموو ناموسولمانێك پێویستە ڕازی بێت کەوقورئان وتەی خوایە.

هەموو کەسێکی ژیر کەبڕوای بەهەبوونی خواهەیە بەرگری لەوەناکات کە قورئان وتەی خوانیە،لەدوای نیشناندان و خستەنەڕوی چەندین بەڵگە.

بەڵام بۆ بێباوەڕێك کەبڕوای بەهەبونی خوانیە،ئەگەر پرسیاری لێبکەی "ئایە قورئان وتەی خوایە" ئەمە پرسیارێکی بێ بنەمایە،چونکە ئەو باوەڕی بەهەبونی خوانیە، چۆن باوەڕ بەوە بکات کە قورئان وتەی خوایە وە هیچ شتیکی لەبیرو هۆشدا دروست ناکات.

ب- پیرۆزە ؛

یەکەمین شتێك کەدەمەوێت بیکەم لەگەڵ بێباوەڕێك ئەوەیە کە بڵێم *"پیرۆزە"* زۆربەی ئەوانەی کەبارەڕیان بە چەمکی هەبوونی خواهەیە ، بیروباوەڕێکی "کوێر"یان هەیە.

لەوانەیە کەسێك مەسیحی بێت چونکە باوکی مەسیحیە، زۆربەی خەڵکی تر وەکو"هیندۆس"ن لەبەر باوك و باپیریان، وەزۆربەی موسوڵمانانیش موسوڵمانن لەبەرئەوەی باب و باپیریان ئیماندارن .

بەشێکی زۆری خەڵکی لەجیهاندا کوێرانە شوێنی ئاینی باب وباپیریان کەوتون ، لەوانەیەکەسێك بنچینەکەی بگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی ئاینی بەڵام لەهەمانکاتدا بەرگری لە بونی خوابکات ،چونکە ڕازی نیە بەوەی کەلە ئاینەکەی یاخود لەدایك و باوکی فێربووە.

لەوانەیە موسوڵمانان پرسیارم لێبکەن "زاکیر"بۆچی پیرۆزیایی لەبێ باوەڕ دەکەی ،هۆکارەکەش ئەوەیە کە ، ئەو باوەڕی بەیەکەم بەشی قورئان هەیە **"لاالە"** هیچ خوایەك نیە ، نیوەی کارەکەی تەواوکردووە ، تەنها بەشێکی ماوە کەبریتیە لە **"الا الله"** جگە لە خوا.بۆیە پێویستە چەمکی هەڵەی بونی خوا ڕەشبکەنەوە و چەمکی بونی خوای ڕاستە قینە وەرگرن.

ج- چەمکی بونی خوا لە مەنتیقدا"لۆژیك"

یەکەمین پرسیارم بۆ بێباوەڕ ئەوەیە کە ***"پێناسەی خوا چیە"*** بۆکەسێك کە دەڵێت خوانیه پێویستە واتای خوا بزانێت، وادابنێ من کتێبێکم لەناو دەستم هەڵگرتووە دەڵێم ئەمە ***"قەڵەمە"*** کەسی بەرامبەر ئەبێت بزانێت کە پێناسەی قەڵەم چیەوە ڕاستم بکاتەوەو پێم بڵێت ئەمە قەڵەم نیە و کتێبە.

تەنانەت ئەگەر نەشزانێت کە چیم لەناودەستم هەڵگرتووە و دەڵێت ئەمە قەڵەم نیە ، پێویستە بزانێت کە قەڵەم چیە ، بەهەمان شێوە، بۆکەسێك کەدەڵێت خوانیه ، بەلایەنی کەم پێویستە بزانێت کە چەمکی بونی خوا چیە.

ئەگەر ناموسوڵمانێك باوەڕی وابێت کە ئیسلام لەگەڵ زانست ناگونجێت ،لەم هەستە سنوردارەدا ناموسوڵمان ڕاستە بۆڕاست کردنەوەی بیرۆکەکەی سەبارەت بەئیسلام ،کێشەکەش ئەوەیە کە وێنەیەکی هەڵەی سەبارەت بەئیسلام لەمێشکی دا سەبارەت بەئیسلام هەیە.

تەنانەت منیش وێنەیەکی ئاوا هەڵە سەبارەت بەئیسلام ڕەت دەکەمەوە ،بەڵام لەهەمانکاتدا وەك موسوڵمانێك ئەوە ئەرکی منە کە بۆنیشاندانی وێنەی ڕستەقینەی ئیسلام بەرامبەر

ناموسوڵمانان، ئێمە پێویستە هەڵەتێگەیشتن و خراپتێگەیشتن لابەرین و ڕوونی بەکەینەوە کە ئیسلام ئاینێکی بەسۆزو میهرەبانە. کە مافی یەکسانی دەدات بەئافرەت وەلەگەڵ لۆژیکدا ناکۆکی نیە .

د- چەمکی بونی خوای گەورە بەپێی سورەتی *"اخلاص"*

"قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ "-" اللَّهُ الصَّمَدُ "-" لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ "-" وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ"الاخلاص"

("ئەی محمد "صلی اللەعلیەوسلم" ئەی ئیماندار بڵێ: ئەو خوای کەناوی " الله" خوایەکی تاك و تەنهایە"بێ هاوەڵ و هاوتایە"-" خوا زاتێکی پایەدار و دەسەڵاتدارە، نیازی بەکەس نییەو هەموویان ئاتاجی ئەون، هەر ئەو دەتوانێ بەڵاو و ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازیەکانمان جێ بەجێ"-" هیچ کەسی لێ نەبووەو خۆشی لەکەس نەبووە "-" هەرگیز هاوتاو هاوشێوەو دەسەڵاتدارێکی تر نییەکەلەبەرامبەریەوەبوەستێت و هاوشانی بێت").

ئەم چوار خەتە پێناسەی خوا دەردەخەن ، ئەگەر هەرکەسێك ئەم چوارخەتە لەخۆیدا جێبەجێدەکات ، ئەوا ئێمەی موسوڵمان لاریمان نیە لەبونی بە خوا .

ئەم سورەتە بریتیە لە "فورقان" بنەمای جیاکردنەوەی حەق لە باطل

٢- بنچینەی خواناسی "Theology"

لە قورئانی پیرۆزدا سورەتی اخلاص بریتیە لە" چەمکی بونی خوا"، ئەم زاروەیە لە دوو بەواتای خوێندن دێت *"logy"* لەزمانی گریکیدا بەواتای خوادێت وە *"theo"* برگە پێك دێت

بەمەش بەواتای "خوێندنی خوادێت" وە سورەتی اخلاص "بنچینەی فێربونی خوایە" ئەگەر تۆبتەوێت گەوهەرێك بکڕی یان بفرۆشی سەرەتا پێویستە نرخەکەی دابنێیت ، وەك هەڵسەنگاندنی گەوهەرەکە لەلایەن زێڕنگەرەکەوە ،وە بەراوردکردنی لەگەڵ بنچینەکەی،لەدوای پاککردنەوەی

گەهەرەكە ڕەنــــگەكەی بەراورد دەكـــات لەگەڵ نمـــونەی زێڕەكانی تر.

جایـان "٢٤" حەیـار دمردەچـی یـان كـوالێتی نزمتـره "٢٢" دمبێـت یـاخود "١٨" دمبێـت ،لەوانەشـه هەر زێـڕ نەبێـت چـونكه "هەمـوو شتێكی درموشاوه زێڕ نیه".

بەهەمـان شـێوه، سـوڕەتی اخـلاص بینچینـەی فێربـونی چەمكـی خـوایه، كەئەی سـەلمێنیت ئەو خـوایەی كەتـۆ ئەی پەرسـتی خوایەكی ڕستەقینەیه یـان نـا. ئەم سـورەته وەسـفی خوای گەوره دەكات .

٣ -ئایه باگوان ڕاجنیش خوایه؟

هەنـدێك خەڵـك باوەڕیـان وایه كه *" باگوان ڕاجنیش یان ئۆشـۆ"* خـوای گەورەیه . "ئەمـانه وتەی مـن نـین مـن تەنهـا دەریـدەخەم" هەنــدێك كەس دەڵـێن ئۆشـۆ خـوای گەورەیه. جارێكیـان لەكۆبونەوەیەكدا لەماوەی پرسـیارو وەڵامـدا، هیندیەكی بەڕێز هەبوو كه به هەڵه لەقسەكەم تێگەیشت ، وتی هیندۆسەكان

ئۆشۆ وەك خـوا ناپەرسـتن، مـن ئاگـادارم كەئۆشـۆ بە خوانـازانن بەلام ئۆشۆ شوێنكەوتوی هەنە.

بائێستا ئۆشۆ بخەینە ژێر تاقیكردنەوە.

ا- یەكەمـین بنەمـا بـریتیە " قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ " بلـێ خواتـاكو تەنیایە، ئـایە ئۆشـۆ تـاك و تەنیـا بـوو؟ هەروەك دەزانـین چەنـدین كەس بانگەشەی خوایەتیان كردووە لەناو مرۆڤەكاندا. چەنـدان كەس دۆزراونەتەوە لەولاتەكەمانـدا "هینـدیـستان" بەدڵنیـاییەوە ئۆشۆ تاك و تەنیا نەبووە ، هەرچەندە، هەندێك لەشوێنكە وتوانی هێشتا وانیشان دەدەن كە ئۆشۆ تاك و تەنیایە .

ب- بنەمـای دووەم بـریتیە لە " اللَّهُ الصَّمَدُ " خـوا تەواو نەمـرە. ئـایە ئۆشـۆ تەواو نەمریـووە؟ لەژیـان نـامەكەیەوە ئـێمە ئەوە فێـردەبین كە ئۆشــۆ ئــازاری چەشــتوە بە هــۆی نەخۆشــی شــەكرە، هەناســەتەنگی و پشهێــشەی درێژخــایەن. ڕایگەیانــدوە كە حــوكمەتی ئەمەریكــا ژەهرخــواردی كــردوە كاتێــك لە ئەمەریكـالە زینـدانـدا بـووە. سـەیركە، خـوا ژەهـر خـۆركراوە،

هەموانیش ئەوە ئەزانن کە ئۆشۆ مردووە و شێردراوەتەوە کەواتە نە کەسێکی تەواو بووە نەکەسێکی نەمر.

ج- سێهەمین بنەما " لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ "کەسی لێنەبووە و لەکەسیش نەبووە . لەکاتێکدا ئۆشۆ "جەبەلپۆر "لە هندستان لەدایک بووە ومندالی هەبووە . وەك سەرجەم مرۆڤەکان دایك و باوکی هەبووە . دواتر هەڵیان بژاردووە و بوون بەشوێنکەوتەی ، ئۆشۆ کەسێکی زۆر زیرەك بووە ، لە سالی ١٩٨١ ڕۆیشتووەتە ئەمریکا، لە ئۆریگۆن شارۆچکەیە کی بەناوی*"ڕاجنش پیورام"* دامەزراندووە و حوکمەتی ئەمریکاش وەستاندویەتی و لەسالی ١٩٨٥ گەڕاندویەتە وە هندیستان و دەستی بە *"ڕاجنش نیوسانیاس کۆمیون"* کردووە ،پاشان ناوەکەی بووە بە *"ئۆشۆکۆمیون"* لە *"پیون"* ئەگەر سەردانی ئەم شوێنە بکەیت دەبنیت کە لە "ئۆشۆ کۆمیون " لە سەر بەردی کێلەکەی نوسراوە " ئۆشۆ هەرگیز لەدایک نەبوەو هەرگیز نەمردووە" تەنیا سەردانی هەسارەی زەوی کردوە لە ١١ کانونی یەکەمی ١٩٣١ تا کانونی دووەمی ١٩٩٠ بەلام لەبیریان کردووە کەئەمە لەسەر کێلەکەی بنوسن . کە ئۆشۆ

بۆ ٢١ دەوڵەت ڤیزەی لێداوە ، سەیرکە ، خوای گەورە سەردانی زەوی دەکات و پێویستی بە ڤیزا دەبێت .

د- چوارەمین بنەما " *وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ* " واتە هیچ کەس وەکو ئەو نیە ، ئێستا بۆت دەرکەوت کە ئەم کاندیدە "ئۆشۆ" خوانیە. ئێمە ئەوە دەزانین کە ئۆشۆ مرۆڤ بووە و خوا هەزاران جار بەهێزتر لە "ئەرنۆڵد" کەیەکێک بووە لە بە هێزترین پیاوەکانی جیهان .ئەگەر هەرکەسێك بەراورد بکەی بە خوا جاچ " کینگ کۆنگ" بێت یان "ئۆشۆ" ئەوا نابێت بە خوا چونکە خوا وێنەی نیە.

بەشی نۆهەم

سیفەتەكانی خوا:

"قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَنَ ۖ أَيًّا مَا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا "-"الإسراء: ١١٠"

("پێیان بڵێ: ئێوەلەنزاو دوعاتاندا هاوار لە"اللە" بكەن، یان بەسیفەتی پیرۆزی "الرحمن"هانای بۆ بەرن، بەهەر ناوو سیفەتێكی جوان و بەرز هاواری لێبكەن و نزا بكەن دروستە، چونكەئەو خاوەنی هەموو سیفات و ناوەپیرۆزو جوانەكانە، بەهەر سیفەتێك كەلەگەڵ داخوازیەكانتاندا گونجا، داوای لێ بكەن، لەكاتی داواكردنی ڕزق و ڕۆزیدا بە"یا ڕزاق، یا وهاب" لەكاتی داوای سەركەوتندا بە"یا قوی یا متین یا عزیز یا ....هتد، ئەی ئیماندار" لەكاتی خوێندنی قورئان لەنوێژەكاندا دەنگ بەرز مەكەو زۆریش نزمی مەكە، لەو نێوانەدا حاڵەتێكی لەبارو مامناوەندی ئەنجام بدە").

ئەتوانیت هاواربكەیتە خوا بەهەرناوێت كەدەتەوێت بەڵام ئەبێت ناوێكی جوانبێت و ناشیرین نەبێت یاخود هیچ وێنایەك لەمێشكدا دورست نەكات. قورئان زیاتر لە "٩٩" ناوی خوای

تێدایە،هەندێك لەوانە " الرحمن" الرحيم، الحكيم..."سەدەهەمین ناویش بریتیە لە "الله" .

"وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ "-"الأعراف :١٨٠"

("هەر بۆ خوایەهەموو ناوەجوان و پیرۆزەکان، جا "ئەی ئیمانداران" بەو ناوانەدوٶعا و نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتەبەرن، واز بهێنن لەوانەی کەلەناوەپیرۆزەکانی خوادا لادان دەکەن و "سیفەت و ناوەکانی خوا بەکاردەهێنن بۆ غەیری خوا"، لەئایندەدا پاداشتی ئەو کارو کردەوانەیان وەردەگرن کەئەنجامیان دەدا").

"اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ "-"طه :٨"

اللەزاتێکەکەجگەلەو خوایەکی تر نیە، هەرچی ناوەپیرۆزو سیفاتەجوانەکان هەیەهەر شایستەی ئەوە")

"هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ "-" هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ ۖ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ ۚ يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ "-"الحشر:٢٣-٢٤"

("خوا ئەو زاتەیەکەجگەلەو خوایەکی تر نیەپاشای هەموو بوونەوەرە، پاك و بێگەردو پوختە، ئاشتی خواز و ئاشتی پەروەرە، ئاسایش بەخش و پەناگای ئیماندارانە، دەسەڵاتدارەو چاودێری دروستکراوەکانیەتی، بالادەستە، خاوەنی خێری بێسنوورە، گەورەیەو خۆی بەگەورەدەزانێت، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەیەلەوەی تینەگەیشتوان شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن"- هەر ئەو خوایەبەدیهێنەرو دروستکراوە، "لەنەبوون هەرچی بۆی بەدی دەهێنێت"، نەخشەو وێنەکێشەرە، ناوەپیرۆزو جوانەکان، هەمووی شایستەی ئەون، هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیەستایشی ئەو دەکەن، بەڕاستی ئەو زاتەخوایەکی بالادەست و دانایە").

بە رامبەر وشەی *الله*یە"God" یاخود"God" بەکارهێنانی وشی *الله* یان وشەی

"خوا" .*"God"* موسوڵمانان هاواردەکەنە خوا بەناوی*"الله"* خۆی، لەجیاتی وشەی ئینگلیزی"

چونکە وشەی عەرەبی *الله* پاکترو بێهاوتاترە، بەپێچەوانەوە وشەی ئینگلیزیەکە بەچەند شێوەیەك بەکاردێت، بۆنمونە:-

واتە "خواكان".لەكاتێكدا الله تاك "God-s"ی بۆزیاد بكەی دەبێتە كۆ "S" ا- ئەگەر

وتەنیایە و كۆی نیە.

واتە "خوای مێ"هیچ شتێك بونیە "God-dess"ی بۆزیاد بكەی دەبێتە"dess" ب-ئەگەر

بەناوی خوای"مێ یان نێر"الله ڕەگەزی نیە.

واتە "باوكی خوا ئەو باوكی "God-father"ی بۆزیاد بكەی دەبێتە"father" ج- ئەگەر

خوای منە "لە ئسلامدا هیچ شتێك بەناوی" باوكی خوا"نییە.

واتە "دایكی خوا" بەهەمان"God-mother"ی بۆخیاد كەی دەبیتە"mother" د- ئەگەر

هیچ شتێك لەئسلامدا بەناوی" دایكی خوا" بونی نییە.

واتە" "Fake god"بۆنمونە "Tin-God" لەپێشی زیادبكەی دەبێتە "tin"ە- ئەگەر

"خوای فێڵباز". "اللە" وشەیەكی بێ هاوتەیە كە هیچ پێشگرو پاشگرێك ناتوانرێت لەگەڵی بەكاربهێنرێت.

لەبەرئەوە ئیمانداران پێیان باشترە بڵێن"اللە" لەكاتی ئامەژە كردن و ناوبردنی خوای گەورە.

قورئان و زانستی هاوچەرخ

ئەو ڕیگایانەی کەبوونی خوادسەلمێنن لەوانەیە قەناعەت بە هەندێك لەكافرەكان بهێنن بەڵام هەموشیان نا . زۆرێك لە لەوانە داوای بەڵگەی زانستی دەكەن بۆبونی ***"خوا"***،منیش هەمان بیروبۆچونم هەیە ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی زانست و تەكنەلۆژیایە. بازانیاری زانستی بخەینەگەڕ بۆ سەلماندنی بونی خواو لەهەمانكاتیشدا كە قورئان نیگای ئاسمانە.

ئەگەر ئامێرێك یاخود شتێك كە هێشتا كەس نەیبینیوە یان هیچی نەبیستوە لەبارەی ئەو ئامێرە نیشانی بێباوەڕێك یاخود هەركەسێكی تری بدەی و پرسیاری لێبكەی ، یەكەمین كەس كێیە كە دەتوانێ شێوازی كاركردنی ئەم ئامێرە ڕوونكاتەوە؟ دوای كەمێك بیركردنەوە ، دەڵێت،"دروستكەری " ئامێرەكە، هەندێكی تر دەڵێن "بەرهەم هێنەرەكە"یان هەندێكی تر دەڵێن" پیشەگەرەكە".

هەروەڵامێك كەددیدەنەوە لە مێشكتا بیپارێزە ، بەدڵنیاییە وەڵەمەكە یەكێك لەمانە دەبێت، "دروستكەر،دەرهێنەر یاخود پیشەگەر" ە .

ئەوهۆكارە زانستیانەی كەلەقورئاند ئەماژەیان پێكراوە :-

بیردۆزی ئەگەری.

لە بیرکاریدا، بیردۆزێك هەیە بەناوی *"بیردۆزی ئەگەری"* ئەگەر دوو بژاردەت هەبێت کە کامەیان ڕاستە یا کامەیان هەڵەیە، ئەگەر بەشە ڕاستەکە هەڵبژێریت ئەوا ئیوە دڵنیایت یەکێك لەم دوو بژاردەیە ڕاستەواتە لەسەدا ٥٠٪ هەلی ئەومت هەیە ڕاست بیت.

بەهەمان شێوە، ئەگەر دراوێکی ئاسن بهاوێژی لە٥٠٪ شانست هەیە ڕاست دەربچێت ١/٢ ئەگەر دراوە ئاسنەکە بۆجاری دووەم بهاوێژی، ئەوا تۆ هەر لە ٥٠٪ هەلت هەیە کە ڕاستە کە دەربچێت، *(نیوە×نیوە)(١/٢×١/٢)*، دەکاتە ١/٤ . خۆئەگەر دراوەکە بۆجاری سێهەم بهاوێژی بۆهەرسێجارەکە *(١/٢×١/٢×١/٢)*واتە *(٥٠٪ ، ٥٠٪،٥٠٪)* ئەنجامەکەی دەکاتە ١/٨ ١٢.٥٪.

نمونەیەکی تر:-

بەردەزارێك شەش لای هەیە ، ئەگەر بیهاوێژی و ژمارەیەك لە ناختا جێگیر بکەی "١-٦" ئەو ئەنجامەی کە بیری لێدەکەیتەوە یەکێك لەمانە دەبێت" ١-٢-٣-٤-٥-٦" واتە ١/٦.

ئەگەر بۆجـاری دووەم بیهـاوێژی بەهەمـان شـێوە، کەواتە(١/٦ ١/٦×١/) خۆئەگەر بۆجاری سێهەمیش بیهاوێژی دەکاتە ١/٦ ١/٦× ١/٦×١/ =١/٢١٦ کەکەمترە لە ١/٢ لەسەدا.

بائیستا ئەم بیردۆزە لەقورئاندا تاقی بکەینەوە .

وادابنێ کەکەسێك سەرجەم ئەوزانیاریانەی زانیوە کەلەقورئاندا ئاماژەیان پێکراوە ، لەو سات و کاتەدا نەزانراو بوون.

لەوسـاتەی کەقورئـان دابەزی خەڵـك بـاوەڕی وابـووە کە جیهـان تەخت بووە، وە چەندەها بژاردەی تر هەن بۆشێوەی زەوی"سێ گۆشە، چوارگۆشـە،پێنج گۆشـە، شـەش گۆشـە ،حەوت گۆشـە ،هەشـت گۆشـە .شـێوەی گـۆیی....هـیـد" ،بـاوادابنێنی کە ٣٠ شـێوە هەیە بۆزەوی .

قورئان بەڕاشکاوی دەڵێت شێوەی زەوی "گۆییە" کە واتە ١/٣٠ .

مانـگ خـاوەنی ڕونـاکی خـۆیەتی یـان وەری دەگرێـت ،قورئـان بەڕاشـکاوی دەڵێـت "مانـگ ڕونـاکی وەردەگرێـت" ئەمەش بژاردەیەك بوو لەنێوان دوو بژاردەدا. ١/٢

قورئــان ئامــاژە بەوە دەكــات: كە هەرشــتێكی زینــدوو لەئــاو دروستكراوە ، ئەگەر ئێمە ١٠،٠٠٠ بیروبۆچونی جیاوازمان هەبێت سەبارەت بەم باسە. كەهەمــوو شتێكی زینــدوو لە " دار ، بەرد ، مس، ئەلەمنیۆم ، فافۆن ،زێڕ ،زیوئۆكسجین ، هایدرۆجین ،نەوت، ئاو ، چیمەنتۆ، كۆنكرێت...هید" قورئــان بەڕاشــكاوی دەڵێت ســەرجەم شــتێكی زینــدوو لە ئــاو دروســت بــووە . كەواتە "١" لەنێوان ١٠،٠٠٠ هەزار بیروبۆچوندا .

كەواتە بــۆهەربیرۆكەیەك لەنێــوان" *شێوەی زەوی . ڕوناكی مانگ .دروستبوونی مرۆڤ"*

$1/٣٠ \times 1/٢ \times 1/١٠٠٠ = 1/٦٠،٠٠٠ = \%٠٠٠١٧$

كەواتە زانست سەلماندی كە ئەوسێ بیرۆكانەی كە قورئان باسی كردوون ئەم ڕۆ ڕاست دەرچوون ، وە قورئان ئاماژە بەهەزاران شتی ئاوادەكات ، كەلەو سەردەمەدا نەنراو بوون تەنها لەسێ ئەگەردا.

من ئەوە بۆخوێنەرانی ڕۆشنبیر بەجێ دەهێڵم بۆئەوەی كار لەسەدان هۆكاری نەزانراو بكەن كەبونیان هەیە یاخود دەتوانێریت هەستاین پێبكرێت .

سەرەنجامی سەرجەم بژاردەكان ڕاست دەرچوو بێئەوەی دانیەكیان هەڵەبێت ، ئەمە لەپشتەوەی توانای مرۆڤە كە سەرجەم بژاردەكان ڕاست دەرچن ، بەبێ بوونی هەڵەیەك ، ئەم سەلماندە خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ كەسێكی ژیر كەبنیەڕاتی قورئان ئاسمانە .

قورئان كتێبی هێماكانە (الایات)نەك كتێبی زانست.

بابیرت بخەمەوە قورئان كتێبێكی زانست نیە بەلاَم كتێبێكی هێماكانە ، قورئان زیاتر لە ٦٠٠٠ هەزار ئایەتی تێدایە،لەكاتێكدا زیاتر لە هەزاردانە قسە لەسەر زانست دەكات.

بۆئیمانداران قورئان فورقانە بنەمای جیاكردنەوەی ڕاستی لەناراستی ، بەلاَم بۆ ڕۆشنبیری ناموسوڵمان زانیاری زانستی گەورەترین تاقیكردنەوەیە كەباوەڕی پێیەتی . بەبەكارهێنانی گەورەترین پێوەر كەناموسوڵمان باوەڕی پێیەتی ، من دەی

سـەلمێنم کەقوریـان وتەی خـوایە. لەکاتێکـدا ١٤٠٠ لەمەوبەر دابەزیوە .

قورئـان زانیـاری زانستی تێـدایە ،کەلەم دواییـانەدا دۆزراونەتەوە، لەکۆتـایی گفتوگـۆکەدا ئـێمە هەردوکمـان دەگەیینـە ئەنجامێك کە کە خوا لوتکە و پایەبەرزی زانستە.

بەدیهێنەر دانەری قورئانە.

تـاکە وەلامێکـی لـۆژیکی بۆپرسیارەکە ئەوەیە ،کێ ئامـاژەی بەسـەرجەم ئەو هۆکـارە زانستیانە کـردووە، کە١٤٠٠ سـاڵ لەمەوبەر دابەزیـوون و لەمـدواییانەدا دۆزراونەتەوە ،وەلامـی ئەم پرسیارە هەمان ئەو وەلامەیە کە پێشتر ڕونمانکردەوە ، کەکێ داتـوانێ شـێوازی کـارکردنی ئـامێرێکی تـازە ڕونبکـاتەوە، کەبریتـی بـوو لە : "دورسـتکەر ، بەرهەمهێـنەر یـاخود پیشەگەر"لەزمانی ئینگلیزیدا ناوێکی تر هەیە بۆ "دورستکەر ، بەرهەمهێنەر یاخود پیشەگەر"

"الله" "God" دروست کەری هەموو جیهان کەبرتیە لە

زانست سەرجەم تیۆرو بیرۆکەکان لادەبات و بوونی خواش دەسەلمێنێت.

فرانسس باکۆن، فەیلەسوفی بەناوبانگ ، بەراشکاوی وتویەتی " هەبوونی زانیاریەکی کەم لەسەر زانست بێباوەڕت دەکات، بەڵام خوێندنی زانست بەقوڵی موسوڵمانت دەکات"

"سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ "-"فصلت :٥٣"

("ئێمەلەداهاتوودا بەڵگەو نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لەئاسۆکانی بوونەوەرداو لەخودی خۆیشیاندا "بێگومان ئاشکرایەکەلەسەردەمی زانستیدا چەندەنهێنیەکانی بوونەوەر ئاشکرا بووە.. زاناکان بەگشتی و زاناکانی ئەستێرەناسی سەرگەردانن لەوردەکاری و دامەزراوی و گەورەیی و فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لەئاڵۆزی جەستەیی و عەقڵیی و دەروونی ئادەمیزاد"، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاک بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کەئەو زاتەحەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیەکەبێگومان ئاگا و زانایەبەهەموو شتێک")؟!

ناوەڕۆك

پێشەكی "وەرگێر"	٦
پێشە كی نوسەر	٨
بە شی یە كە م پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم " دانەری قورئان نیە .	١٢
بە شی دووەم وە لامێک بۆسەرجەم ئەو كاسانەی كەئە وتریت پێغە مبەر "صلی الله علیه وسلم" بانگە شەی پێغەمبەر ایەتی كردووە بۆ یەكێک لەم مەبەستانە .	١٦
بەشی سێهەم ١- بیردۆزی پەركەماوی	٤٣
٢- بیردۆزی سەرابی ئاینی	٤٩
بەشتی چوارەم قورئان لە ئینجیل وەرگیراوە .	٥٤
بەشی پێنجەم بەراوردێكی زانستی لەنێوان قورئان و زانستدا	٦٩
بەشی شەشەم - قورئان وەكو كتێبی چیرۆك نیە . ١	٨٠
٢-ناكرێت پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم" شێت و درۆزن بێت لەیەك كاتدا .	٨٧
٣-ناكرێت پێغەمبەر"صلی الله علیه وسلم" رێكانیشاندەر و لەرێ لادەربێت لەیەك كاتدا.	٨٨

٤- پێغەمبەر " صلی الله علیه وسلم " بەدەست ئارەزووی زۆر حەز لەدرۆ بوون دەناڵێنێت.	٩١
٥-زانیاری نەزانراو لەقورئاندا .	٩٣
٦- قورئان هەڵخەڵەتاندنە .	٩٤
٧-قورئان هانی گفتوگۆ دەدات .	٩٦
٨- نەهێشتنی بژاردەکان	٩٨
بەشی حەوتەم ١- تاقیکردنەوەی پێچەوانە سەلمێنراو	١٠٤
٢- ئایەتێك لەوشێوەیە بهێنن.	١١٣
بەشی هەشتەم ١- چەمکی بونی خوا لەقورئاندا.	١٢٠
٢- بنچینەی خواناسی theology	١٢٤
٣-ئایە باگوان ڕاجینش خوایە؟	١٢٥
بەشی نۆهەم	١٢٩
سیفەتەکانی خوا؛	١٢٩
بەکارهێنانی وشی "الله" یان وشەی "God"	١٣٢
قورئان و زانستی هاوچەرخ	١٣٣
بیردۆزی ئەگەری	١٣٤
قورئان کتێبی هێماکانە (الایات)نەك کتێبی زانست.	١٣٧
بەدیهێنەر دانەری قورئانە.	١٣٨
زانست سەرجەم تیۆرو بیرۆکەکان لادەبات و بونی خواش دەسەلمێنێت.	١٣٩